# ڕۆڵی فاکتەرە جوگرافییەکان لە جینۆسایدکردنی دانیشتوانی قەزای هەڵەبجە

## (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای ڕامیاری)

### هەڵهێنجراوی نامەی ماستەر

پ.ی.د.احمد رفیق کریم
Ahmad.karim@univsul.edu.iq
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی پەروەردەی زانستەمرۆڤایەتییەکان

خەبات نورالدین عثمان
khabatnuraden22@gmail.com
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان

بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٦/٣ بەرواری وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/٧/١

**پوختە**

بەکارهێنانی چەکی کیمیاویی بە یەکێك لە مەترسیدارترین تاوانەکان دادەنرێت، کە ڕژێمی بەعس بەرامبەر بە دانیشتوانی شاری هەڵەبجە ئەنجامیدا، ئەم کارەساتە لێکەوتە و دەرهاویشتە خراپەکانی کاریگەری قوڵ و درێژ مەودای لە ڕوی ئابوری و کۆمەڵایەتی و مێژوویی و شارستانیەوە لەسەر ژینگەی جوگرافی و دانیشتوانەکەی بە جێهێشتووە. گرنگی توێژینەوەکە دەستنیشانکردنی ڕۆڵی بنەما سروشتی و مرۆییەکانی ناوچەکە و کاریگەری جوگرافیا و پرۆسە سەربازیەکانی هەڵەبجە و ڕۆڵیان لەقەبارەی زیانەگیانی و مادی و ژینگەیەکان، ئامانجی لێکۆڵینەوەکە دەرخستنی فاکتەرەکانی پشت جینۆساید کردنی دانیشتوانی هەڵەبجە، میتۆدی توێژینەوەکە، بەهۆی سروشتی توێژینەوەکە پشت بە میتۆدەکانی مێژووی و وەسفی و شیکاری بەستراوە لە ئەنجامدانی توێژینەوەکەدا، لە دروستکردنی نەخشەکاندا سود لە بەرنامەی زانیاری جوگرافی( GIS)بەستراوە، ئەو فەرمانگانەی بۆ وەرگرتنی داتا و زانیاریەکان سودمان لێوەرگرتوون، بەڕیوەبەرایەتی (کەشناسی سلێمانی، کەشناسی هەڵەبجە، مۆنۆمێنتی هەڵەبجە، دەزگای شەهیدان و ئەنفالکراوان، ئاماری سلێمانی، نەخۆشخانەی گشتی هەڵەبجە)، هەروەها چاوپێکەوتنیشمان بەکارهێناوە، گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کە بۆمان دەرکەوتوە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لەلایەن ڕژێمی پێشووی عێراق ئامانجی لە ناوبردنی گروپێکی نەتەوەی بوە، هەڵەبجە ناوچەیەکی کوردنشینە، ڕژێمی بەعس بەسەرکردایەتی سەدام حسێن هەوڵیدا لە ڕێگەی توندوتیژییەوە ناسنامە و بەرخۆدانی کورد سەرکوت بکات. هەروەها کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بەپلانێکی پێش وەختەی سەربازی بوە لەلایەن ڕژێمی پێشوو، چونکە زانراوە شوێنە قەرەباڵغەکانی ناوشار وەك ژێر زەمینەکان دەکەونە کام گەڕەکانەوە، ئەو گازانە بەکارهاتوون کە توانای نیشتنیان هەیە لە شوێنە نزمەکان، لە دەرەوەی شار سود وەرگیراوە لە ئاڕاستە و خێرای با بەتایبەت ئەو گازانەی کە لە هەوا سوکترن و توانای بڵاوبونەوەیان هەیە. پەیکەری توێژینەوەکە، دابەشکراوە بۆ سێ باس، باسی یەکەم: فاکتەرە کاریگەرەکانی جوگرافیای سروشتی، لە باسی دووەمدا: فاکتەرە کاریگەرەکانی جوگرافیای مرۆیی، لە باسی سێیەم فاکتەرە گاریکەرەکانی جوگرافیای ڕامیاری و سەربازی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.

**کلیلە ووشە** : فاکتەرە جوگرافیەکان، جینۆساید، دانیشتوان، شاری هەڵەبجە، جوگرافیای ڕامیاری.

پێشەکی....

تاوانی کوشتن و جەنگ و جینۆساید مێژویەکی زۆر دێرینی هەیە لەگەڵ سەرهەڵدان و دروست بونی مرۆڤدا ، هۆکاری جۆراو جۆری وەك ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و جوگرافی و ئاینی و مەزهەبی لە پشت تاوانی جەنگ و جینۆساید کردنەوەکانەوە بوون.

چەکی کیمیاویی بە یەکێك لە مەترسیدارترین چەکەکان دادەنرێت، کە لەماوەیەکی کەمدا کارەساتێکی گەورەی مرۆیی دەخولقێنی، ڕژێمی بەعس پاش شکستی سوپاکەی لە بەرەکانی جەنگ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێراندا، بەتایبەت دوای گەمارۆدانی سوپاکەی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە و نائومێد بوونی لە ڕزگارکردنی هێزەکانی، لە هەنگاوێکی بێپێشینەیدا شاری هەڵەبجە و ناوچەکانی دەوروبەری بە چەکی کیمیاوی بۆمبارانکرد.

کیمیابارانی هەڵەبجە بە یەکێك لە گەورەترین ڕوداوەکانی قڕکردن و جینۆسایدکردنی نەتەوەی کورد دادەنرێت لە مێژوی خۆیدا، چونکە پێنج هەزار مرۆڤی بێتاوانی کورد بەبێ جیاوازی ڕەگەز و تەمەن کۆمەڵکوژکران، هەروەها بوەهۆی تێکدانی بەشێکی زۆری (ژینگە، سروشت، کەلتور، جوگرافیا)ی هەڵەبجە، لەم پەلامارەدا گەورەترین ئەو چەکە کوشندەی بەعس کە خاوەنی بوو تێدا بەکارهێنرا، ئەویش چەکی کیمیاوی بوو. هەر بۆیە ئەم پەلامارە کاریگەری تەواوی لە کوردستانی باشوردا لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا دروست کرد، وەکو لایەنەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و دەروونی...هتد.

**کێشەی توێژینەوەکە:**

1- بۆچی ڕێژێمی بەعس پەنای بۆ چەکی قەدەغەکراوی جیهانی برد و هەڵەبجەی کیمیاباران کرد؟

2-جوگرافیای سروشتی ناوچەی لێکۆڵینەوە چ کاریگەری هەبوو لە زیادبونی قەبارەی زیانە گیانیەکانی کیمیابارانی دانیشتوانی هەڵەبجە؟

3-جوگرافیای مرۆیی ناوچەی لێکۆڵینەوە چ کاریگەری هەبوو لە زیادبوونی قەبارەی زیانە گیانیەکانی کیمیابارانی دانیشتوانی هەڵەبجە؟

4-ئایا بونی هێزی پێشمەرگە و سوپای کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەی لێکۆڵینەوە هۆکاربوون بۆ کیمیاباران کردنی قەزای هەڵبجە؟

**گریمانەی توێژینەوەکە:**

1- بەهۆی شکستی سوپای عێراق لە بەرەی جەنگی هەرێمی کوردستان(هەڵەبجە )و چاوترساندنی گەلی کورد لە هەر هەوڵێك بۆ ئازادی و سەربەخۆبونیان پەنای بۆ توندترین و کوشندەترین چەکی کۆمەڵکوژ برد.

sjh@univsul.edu.iq

2-جوگرافیای سروشتی ناوچەی لێکۆڵینەوە، وەك بەرزونزمی کاریگەری هەبوو لەسەر کەمکردنەوەی قەبارەی زیانەگیانیەکان. بەڵام ڕەگەزە ئاوهەواییەکانی لەو ڕۆژەدا لە باربون بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی، کاریگەریان لەسەر زۆری قەبارەی زیانە گیانیەکان لەسەر دانیشتوانی قەزای هەڵەبجە هەبوو.

3-جوگرافیای مرۆیی ناوچەی لێکۆڵینەوە، کاریگەری هەبوو لەسەر زۆری قەبارەی زیانە گیانیەکانی دانیشتوانی قەزای هەڵەبجە.

4- بەمەبەستی وەستاندنی پێشڕەوی هێزی پێشمەرگە بە هاریکاری لۆجستی و سەربازی و کۆماری ئیسلامی ئێران، بەکارهێنانی هێرشی کیمیاوی ڕژێمی بەعس بڕیاریدا، ژیان لە قەزای هەڵەبجەدا بسڕێتەوە و تەواوی دانیشتوانی سڤیلی هەڵەبجە و پێشمەرگە و ژینگەی ئەو ناوچانە لە ناوببات.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

1-لێکۆڵینەوەکردن لە تاوانی جەنگ و جینۆسایدی دانیشتوانی قەزای هەڵەبجە لە ڕوانگەی جوگرافیای ڕامیاری.

2-دەست نیشانکردنی فاکتەرەکانی پشت ئەنجامدانی تاوانی جەنگ بەرامبەر بە دانیشتوانی قەزای هەڵەبجە.

3-دەست نیشانکردنی ڕۆڵی بنەما سروشتی و مرۆییەکانی ناوچەی لیکۆڵینەوە لە قەبارەی زیانە گیانی و مادی و ژینگەییەکان.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

1-یەکەم توێژینەوەیە لە جوگرافیای سیاسی لەسەر کەیسی جینۆسایدی هەڵەبجە دەنوسرێت.

2-دەستنیشانکردنی جوگرافیا و پرۆسە سەربازیەکانی هەڵەبجە و ڕۆڵیان لە قەبارەی زیانە گیانی و مادی و ژینگەیەکان.

3-گرنگی توێژینەوەکە بۆ لایەنی پەیوەندیدار، دەتوانرێت سودی لێوەربگرێت بۆ بەرەوپێشچونی دۆزی گەلی کورد، لە ڕوانگەی سیاسیەوە بەکاربهێنرێت بۆ بە دەستهێنانی سەربەخۆی گەلی کورد.

**میتۆدی بەکارهاتوو لە توێژینەوەکەدا:**

لەم توێژینەوەیەدا، پشت بە میتۆدی مێژووی و وەسفی و شیکاری بەستراوە لە شرۆڤەکردن و خستنە ڕوی ڕاستیە جوگرافیەکان، دۆخی کیمیابارانکردنی قەزای هەڵەبجە.

**گرفتەکانی بەردەم توێژەر:**

1-نەبونی هیچ سەرچاوەیەکی زانستی تایبەت بە کیمیابارانکردنی قەزای هەڵەبجە لە دیدی جوگرافیای ڕامیارییەوە.

2-کەمی و هەژاری پەرتوکی تایبەت بەم بوارە لە پەرتوکخانەی کوردی.

3-بەهانە هێنانەوەی کەسانی سەربازی و سیاسی لایەنە سیاسیە کوردیەکان لە کاتی داواکردنی چاوپێکەوتن لەلایەن توێژەرەوە، بە ئامانجی نەدرکاندنی ئەو ڕاستی یە سیاسیانەی پشت کیمیابارانکردنی قەزای هەڵەبجە، بە تایبەت ئەو سەرکردە سەربازیانەی لە پرۆسەی ئازادکردنی هەڵەبجە لە ساڵی 1988بەشداریان کردوە.

4-هاوکاری نەکردنی کۆماری ئیسلامی ئێران، بە تایبەت کۆنسوڵخانەی سلیمانی، بە چونمان بۆ لای ئەو سەرکردە سەربازیانەی کە لە عملیاتی والفجر10 سەرکردایەتی ئازادکردنی هەڵەبجەیان پێسپێرابوو، بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر هێرشەکانیان و ئەو زەرە و زیانانەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕوی مادی و دارایی لە ئازادکردنی هەڵەبجە بەر هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران کەوتبوون.

**چوارچێوەی بابەتی و شوێنی و کاتی توێژینەوەکە:**


لە ڕۆڵی فاکتەرە جوگرافییەکان لە جینۆسایدکردنی دانیشتوانی قەزای هەڵەبجە دەکۆڵێتەوە لە16ی ئازاری 1988.

شوێنی جوگرافیا و ئەسترۆنۆمی و هاوسێییەتی هەڵەبجە

1-سەبارەت بەشوێنی قەزای هەڵەبجە لە باکوورەوە هاوسنوورە لەگەڵ قەزای پێنجوین، لە باشوورەوە ڕووباری سیروان، لە ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ زنجیرە چیای هەورامان و شنرۆێ، لە ڕۆژئاواوە دەریاچەی دەربەندیخان و لە باکوری ڕۆژئاواوە هاوسنوورە لەگەڵ قەزای سیدسادق.(علاالدین، 2007، ص17). ناوچەی لێکۆڵینەوە (83کم) لە باشوری ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانیەوە دورە،(150کم) لە بغدادی پایتەختی عێراق, دورە، (88کم) لە کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دورە. هەروەها لەڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژهەڵاتەوە بە زنجیرە چیا دەورە دراوە کە دەبنە سنووری نێودەوڵەتی (عێراق- ئێران).(المولوی، 2008، ض10). وەك لە نەخشەی ژمارە(1) خراوەتە ڕوو.

2-شوێنی ئەسترۆنۆمی واتە شوێن بە گوێرەی بازنەکانی پانی وهێڵەکانی درێژی، جوگرافیای سیاسی لە لێکۆڵینەوەکانیدا گرنگی زۆر دەدات بە شوێنی دەوڵەت بە گوێرەی بازنەکانی پانی، چونکە کاریگەری شوێن دەبێتە هۆی دەرکەوتنی هەرێمی ئاوهەوای جیاواز وکاریگەری هەیە لەسەر چالاکی کشتوکاڵ و چالاکی مرۆیی، ئەمەش دەبێتە هۆی دەرخستنی هێزی دەوڵەت، بەڵام هێڵەکانی درێژی ئەو گرنگیەی نیە وەك بازنەکانی پانی لە دیاریکردنی توانای دەوڵەتدا، بەڵکو زیاتر پەیوەستە بە دیاریکردنی کاتەوە.(معیوف، 2002، ص62). شوێنی ئەسترۆنۆمی قەزای هەڵەبجە دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی (32"12'35°-20"9'35°)ی باکور و هێڵەکانی درێژی (10"57'45°-46"1'46°)ی ڕۆژهەڵات، بە جیاوازی24.3 خولەك دەکەوێتە باشووری ناوچەی ئاووهەوای مامناوەندی باکوری نیوەگۆی زەوی. وەك لە نەخشەی ژمارە(2) خراوەتەڕوو.

خشەی ژمارە(1): شوێنی جوگرافی قەزای هەڵەبجە بەگوێرەی هەرێمی کوردستان و عێراق





سەرچاوە: کاری توێژەر، پشتبەست: - 1- (حداد، ، 2009، ل20).

2- (بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی بەشی نەخشەسازیGIS، ساڵی 2024).

3 -بەکارهێنانی بەرنامەی ARC.GIS10.2.

نەخشەی ژمارە(2): شوێنی ئەسترۆنۆمی شاری هەڵەبجە




کاری توێژەر پشت بەست بە: 1 – (بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، 2024).

2-بەکارهێنانی بەرنامەی( Gis10.8).

**پەیکەری توێژینەوەکە:**

دابەشـکراوە بۆ سـێ باس، باسـی یەکەم: فاکتەرە کاریگەرەکانی جوگرافیای سـروشـتی، لە باسـی دووەمدا: فاکتەرە کاریگەرەکانی جوگرافیای مرۆیی، لە باسـی سـێیەمدا فاکتەرە گاریکەرەکانی جوگرافیای رامیاری و سـەربازی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.

**فاکتەرە کاریگەریەکانی پشت جینۆسایدی دانیشتوانی قەزای هەڵەبجە**

جینۆسـایدی کیمیابارانی هەڵەبجە، وەک یەکێک لە درندەترین و وێرانکەرترین ڕوداو دادەنرێت لە مێژووی هاوچەرخدا، کە دژی خەڵکی مەدەنی ئەنجام درابێت. کە باس لە هۆکارە سـروشـتی و مرۆییەکان دەکەین کە بەشـداربوون لە گەورەی قەبارەی کارەسـاتەکە. دابەشـی دوو باسـی دەکەین کە لە خوارەوە ئاماژەی بۆ دەکەین، ئەوانیش:-

**باسی یەکەم: فاکتەرە کاریگەرەکانی جوگرافیای سروشتی**

هۆکارە سـروشـتییەکان بە درێژایی مێژوو ڕۆڵێکی چارەنووس سـازیان لە دارشـتنی پرۆسـەی سـەربازیەکاندا هەبووە. ئەم هۆکارانە کاریگەرییان لەسـەر سـتراتیژی و تاکتیک و لۆجسـتی و دەرئەنجامی هەڵمەتە سـەربازییەکان هەبووە. لێرەدا هەندێک لە کاریگەرییە سـروشـتییە سـەرەکییەکان لەسـەر هێرشـە سـەربازییەکان بۆ سـەر ناوچەی لێکۆڵینەوە دەخەینەڕوو:-

**تەوەری یەکەم: فاکتەری بەرزونزمی و دووری شوێنی جوگرافی**

هەرێمی کوردسـتان بە هۆی مێژووی جیولۆجیەکەی و ئەو گۆڕانکاریانەی بەسـەری هاتووە، ڕووی زەویەکەی شـێوەی جۆراو جۆری وەرگرتووە.(نەقشـبەندی، 2013، ل117). مەبەسـت لەبەرزی ونزمی شـێوەکانی ڕوی زەوی دەوڵەت، لەشـاخ و دەشـت و دۆڵ و بان...هتد پێك دێت، هەریەك لەم شـێوانە کاریگەری گەورەیان هەیە لەسـەر هێز و تواناکانی دەوڵەت، لە هەمان کاتدا ئەم شـێوانە ڕەنگدانەوەی هەیە لەسـەر سـەنگی سـیاسـی وڵات.( فتح الله، 2014، ل117). لە سـتراتیژی و تاکتیکە سـەربازییەکاندا، بەرزونزمی و دووری شـوێنی جۆگرافی دوو فاکتەری سـتراتیژی وتاکتیکی گرنگن، کە کاریگەری زۆریان هەیە لەسـەر چۆنیەتی هێرش بردن و خۆپارێزی لەمەیدانە جەنگەیەکاندا. وەك لە خوارەوە ئاماژە بۆ هەر یەکێك لەو فاکتەرانە دەکەین:-

1-فاکتەری بەرزونزمی (Altitude Factor): یەکەی سـیاسـی و ئاسـانی بەڕێوەبردنی کاروباری هەر حکومەتێك پەیوەستە بە بارودۆخی بەرزونزمی ئەو وڵاتە وکاریگەری بەرزو نزمیەکەی لەسـەر ڕێگاکانی گواستنەوە و گەیاندن وپەیوەندیەکان، کۆسـپە سـروشـتیەکانی وەك زنجیرە چیاکان، بیابانەکان و زۆنگاوەکان، ڕێگری سـەرەکیین لەبەردەم فراوانبونی تۆڕی پەیوەندیەکان، هەروەها هەندێ بەشـی لەناو خودی دەوڵەتەکە گرنگیەکی سـتراتیژی هەیە وەك بونی زنجیرە شـاخ، بۆیە دەکرێنە بنکە و پێگەی سـەربازی بۆ دەسـت بەسـەر داگرتن و پارێزگاریکردن لە ڕێگاو بانەکان.(محەمدامین، 2015، ل72). ناوچە بەرزەکان توانای بەرگریکردن بەهێزترە و مەودای بینین و چاودێریکردنی باشـتر لەسـەر جوڵەی دوژمن وەك لەناوچە نزمایەکان، هەروەها بەکارهێنانی چەك و تەقەمەنی وەك توپ و موشـەك توانای بەرزتر دەبێت بۆ زیان گەیاندن بە هێزی دوژمن، ئەمەش وایکردوە زۆرجار قەڵا و بنکە سـەربازییەکان لەسـەر پێگەی بەرز دروست بکرێن.( صفوی، 2011، 53). لە هەمانکاتدا ناوچە بەرزەکان چەندین کێشەی لۆجیستی

دروست دەکەن بۆ پرۆسە سەربازیەکان وەك گەیاندنی خواردن، ئاو، چەك بۆ سەربازەکان، هەروەها لە ڕوی کەش وهەوا ناوچە بەرزایەکان زۆرجار کەشو هەوای ساردیان هەیە ئەمەش کاریگەری دروست دەکات لەسەر هێزی سەربازی لە ڕووی (هێرش و بەرگریکردن)وە (Tzu،2018،p68). بەهۆی پێگەی ناوچەی لێکۆڵینەوە، بە شاخ و بەرزای دەورە دراوە و ئەو هێزانەی سوپای بەعس هێنابوی بۆ هێرشکردنە سەر بنکە و بارەگاکانی هێزی پێشمەرگە لە ناوچە شاخاوییەکانی دەوروبەری هەڵەبجە، زۆربەیان شارەزای ناوچەکە و کەشو هەواکەی نەبوون، بۆیە ژمارەیەکی زۆریان لەلایەن سوپای پاسداران و هێزی پێشمەرگە کوژران و ئەوەی مایەوە بە دیل گیران لەلایەن هێزی پێشمەرگە و سوپای پاسداران.( غالی،2024). زنجیرە چیاکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، هەمیشە پاڵپشتی باشی شۆڕشەکانی کورد بوون بەرامبەر داگیرکاریەکانی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق، بەرزاییەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا لە ڕووی پرۆسە سەربازیەکان ڕۆڵ و کاریگەریان هەبووە بە هۆی ئەوەی دەورو پشتی هەڵەبجە لە باکورو باکوری ڕۆژ هەڵات و باشورو باشوری ڕۆژئاوا بەزنجیرە شاخەکان دەورە دراوە، هەروەها لە ڕۆژئاوا دەورە دراوە بە زەویە نزمەکان وەك دەشتی شارەزور کە بەسەرچاوەی ئابوری دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە دادەنرێت، لە یەك کاتدا ناوچەی لێکۆڵینەوە خاوەن پێگەی ستراتیژی سەربازی و ئابوری و سیاسی گرنگە لەسەر ئاستی قەزاکە(ئێستا پارێزگایە)یەکێکە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان. دەتوانین بڵێین هێرشی کیمیاوی بۆ سەر هەڵەبجە وارێك دەکەوێت ناوچەکە ناوچەیەکی شاخاوییە، ئەمەش بە هۆی بونی شاخ و ئەشکەوت و ناوچەی سەخت کە دانیشتوان قەزاکە و هێزە کوردیەکان توانیویانە خۆیانی تێدا حەشاربدەن لەکاتی مەترسی هێرشی سەربازیدا، بەمەش جوڵەی هێزەی زەمینی ڕژێمی بەعس کەمتر بووە بۆ هێرش بردن بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی هێزە کوردیەکان لە ناوچە شاخاوییەکانی دەوروبەری هەڵەبجە، ئەم فاکتەرە سروشتیە وەك بەربەستێك لەبەردەم هێزی سوپای عێراقدا بوو، کە نەیتوانی سەرکەوتوبێت لە هێرش بردن بۆ کۆنترۆڵی ناوچەی لێکۆڵینەوە، فاکتەری بەرزونزمی ناوچەکە وایکرد نەتوانرێ بە ئاسانی کۆنترۆڵی ئەو شوێنانە بکاتەوە کە لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێران بە هاوکاری هێزە پێشمەرگەی کوردستان ئازادکرا بوو، بۆیە سوپای بەعس بیری لە ڕێگە چارەیەکی تر کردەوە، وەك پیشەی هەمیشەی لەکاتی جەنگەکاندا، ئەویش بەکارهێنانی بۆمبی کیمیاویی دژ بە دانیشتوانی شاری هەڵەبجە و ئەو هێزانەی کە لەناوچەی لێکۆڵینەوەدا بوون، بۆیە حکومەتی بەعس بۆ بەرپەچدانەوەی هێزی بێگانە لە وڵاتەکیدا پەنای بۆ بەکارهێنانی بۆمبی کیمیاویی برد دژ بە سوپای پاسداران کە بە هاوکاری هێزە کوردیەکان هاتبونە ناوچەی هەڵەبجە. فاکتەری بەرزونزمی لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا، وایکردبوو کە ژمارەی قوربانیەکان کەمتربێت بە بەراورد بەناوچەی دەشتاییی، بە هۆی پەنابردنی دانیشتوان بۆ ناوچە بەرزایەکانی دەوروبەری هەڵەبجە وەك خۆپارێزی لە کاریگەری گازە کیمیاویەکان. بە پێچەوانەوە ئەگەر ناوچەکە ناوچەیەکی دەشتایی بوایە ژمارەی قوربانیەکان زیاتر دەبوون، وەك چۆن لەپرۆسەی ئەنفال لەناوچەی گەرمیان کەناوچەیەکی دەشتاییە و خەڵکەکە توانای دەرچون و خۆحەشاردانیان نەبوو، بۆیە دەبینین فاکتەری بەرزونزمی لەوێدا کاریگەری لەسەر زۆری ژمارەی قوربانیەکان هەبوو، بەڵام لە هەڵەبجە فاکتەری بەرزونزمی کاریگەری لەسەر کەمبونەوەی قوربانیەکان هەبوو.

دەتوانین بڵێین بەرزونزمی ناوچەی لێکۆڵینەوە، بەفاکتەرێکی سروشتی ئەرێنی دادەنرێت بۆ پارێزگاری کردنی دانیشتوان لەکاتی دەرچونیان بۆ خۆپارێزیان لەگازی بۆمبە کیمیاویەکان لەکاتی هێرشی ئاسمانی سوپای بەعس بۆ سەر هەڵەبجە.

sjh@univsul.edu.iq

2-فاکتەری نزیکی هەڵەبجە لە ((ســنوور))ەوە: شــوێنی جوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوە کاریگەری لەســەر ژمارەیی قوربانیەکان بە جێهێشــتووە، بە حکومی پێگە جوگرافیەکەیەوە وا هەڵکەوتوە دەرفەتی ئەوەیان لەبەردەمدا بێت بەرەو ناوچە ســنوریەکانی کۆماری ئیســلامی ئێران خۆیان دەربازبکەن، ئەم دەرفەتە جوگرافیا بۆ دانیشــتوانی ناوچەکەی رەخساند بوو، کە بگەنە سنوری کۆماری ئیسلامی ئێران و ژمارەیەکی زۆریان لەمەرگ رزگاریان بێت، واتە نزیکی لە ناوچە سنوریەکانی وڵاتی ئێران وایکردوە دانیشتوانی شارەکە بواری دەرچونیان بەرەو سنورەکان لە بەردەمدا بێت، بە حکومی پێگەی جوگرافی و ســتراتیژی ناوچەکە وا هەڵکەوتووە بە هۆی بونی زنجیرەچیاکان و نزیکی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ســنوری وڵاتی ئێران، خەڵکی هەڵەبجە دەرفەتی ئەوەیان لەبەردەمدا بێت کە دانیشــتوان بەرەو ناوچە سنوریەکان خۆیان دەرباز بکەن.

لەســەر رووناکی ئەوراســتیانەی ســەرەوە دەتوانین بڵێت تۆپۆگرافیا وشــوێنی جوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوە کاریگەری راســتەوخۆیان لەســەر کەمی ژمارەی قوربانییەکان بە جێهێشــتووە. لەلایەك بونی بەرزایەکانی دەوروبەری هەڵەبجە هۆکارێك بووە بۆ خۆحەشــاردانی دانیشــتوان لەکاتی کارەســاتی کیمیابارانکردنی شــارەکە، لەلایەکی دیکەوە نزیکی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەسنورەکانی وڵاتی ئێران یارمەتی دەربووە بۆ رزگاربونی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوان لە کاتی هەڵهاتنیان لەشــارەکە بە هۆی هێرشــی بۆمبە کیمیاویەکان ناچاربوون خۆیان بگەیەنە ســنورەکانی ئێران، بۆیە نزیکی ناوچەی لێکۆڵینەوە بە هۆکارێکی ئەرێنی دادەنرێت بۆ رزگاربونی دانیشــتوان لە کاریگەری گازە کیمیاویەکان. لەم ســۆنگەیەوە دەتوانین بڵێن ئەو قســەیە راســتە کە ووتراوە "کورد هیچ دۆســتێکی نیە جگە لەچیاکان".( Matloff ،2017،p45).

**تەوەری دووەم: فاکتەری ئاوهەوا لە رۆژی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە هەڵەبجە**

هەموو پرۆســەیەکی ســەربازی کاریگەری فاکتەرە جوگرافیەکانی پێوە دیارە، بە تایبەتی رەگەزەکانی ئاوهەوا، بەوپێیەی ئەم رەگەزانە وەکو فاکتەرەکانی دیکە نین و تائیســتا مرۆڤ و تەکنەلۆژیای ســەردەم نەیتوانیوە بە تەواوەتی کۆنترۆڵیان بکات، بە درێژای مێژوو رەگەزە ئاوهەوایەکان کاریگەری ئاســەواری خۆیان لەســەر دەرئەنجامی جەنگەکان جێهێشــتووە و لەرۆڵ و توانای مرۆڤیان کەمکردوەتەوە، وەك بەرزبونەوە و نزمبونەوەی پلەکانی گەرما و بارینی باران و بەفر و پشتوێنەکانی پاڵەپەستۆی بەرز و نزم و ئاراستەکانی باو خێراییان بە بەردەوامی دەرئەنجامی جەنگەکان وکاتی دیاریکردووە. .( تالیب ، 2024). بە هۆی نەبونی وێســتگەی کەشــناســی لە شــاری هەڵەبجە بۆ دیاریکردنی رەگەزەکانی ئاوهەوا لە ساڵی 1988دا ، ناچار پشت دەبەستین بە نزیکترین وێستگەی کەشناسی لە شاری هەڵەبجە و ئەو شــایەتحاڵانەی کە لەرۆژی بۆمبارانکردنی شــارەکە بە چەکی کیمیاویی لەناو شــاردا بوون، بۆ رونکردنەوەی کاریگەری رەگەزەکانی ئاوهەوا، ئەویش نزیکترین وێستگە، وێستگەی کەشناسی پارێزگای سلێمانیە، کە جیاوازیکی زۆر لە نێوان رەگەزەکانی ئاوهەوای پارێزگای ســلێمانی و قەزای هەڵەبجەدا بەدی ناکرێ. وەك لە خشتەی ژمار(1) ئاماژەی بۆکراوە .لێرەدا بارودۆخی کەش و هەوا بەتایبەت (پلەی گەرمی و ئاراستەی با،) رۆڵێکی چارەنووسسازیان هەبوولە بڵاوبوونەوەی ماددە کیمیاییەکان لەکاتی هێرشی ئاسمانی بۆ سەر هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٨٨. تێگەیشــتن لەم بارودۆخانە یارمەتیدەردەبن بۆ هەڵســەنگاندنی کاریگەریی هێرشــەکە لەســەر دانیشــتوان و ژینگەی ناوچەی لێکۆڵینەوە. بەم شیوەی لای خوارەوە رەگەزەکان دەخەینەروو:-

خشتەی ژمارە(1)

کەش و هەوای پارێزگای سلێمانی لە ساڵی 1988

| مانگەکان | نزمترین پلەی گەرمی | بەرزترین پلەی گەرمی | تێکرای پلەی گەرمی | ڕێژەی شێ % | خێرای با | باران بارین |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1ك | 11،7 | 7،2 | 9،45 | 72 | 0،7 | 181،3 |
| 2ك | 8،7 | 2،1 | 5،4 | 77 | 1،2 | 152،1 |
| شوبات | 10،7 | 2،6 | 6،6 | 70 | 1،7 | 204،8 |
| ت.و. زستان | 10،3 | 3،9 | 7،15 | 73 | 1،2 | 179،4 |
| ئازار | 14،3 | 9،7 | 12 | 69 | 1،3 | 147 |
| نیسان | 21،3 | 15،8 | 5،18 | 60 | 2 | 133،5 |
| مایس | 29،1 | 23،2 | 1،26 | 35 | 1،9 | 0،7 |
| ت.و.بەهار | 21،5 | 16،2 | 9،18 | 54،6 | 1،7 | 93،7 |
| حوزەیران | 32،3 | 28،3 | 3،30 | 28 | 1،7 | 5،7 |
| تەموز | 37،9 | 32،7 | 3،35 | 25 | 3،6 | 0 |
| ئاب | 38،3 | 31،7 | 35 | 28 | 3،6 | 0 |
| ت.و.هاوین | 36،1 | 30،9 | 5،33 | 27 | 2،9 | 1،9 |
| ئەیلول | 35،1 | 27،7 | 31،4 | 25 | 1،3 | 0 |
| 1ت | 27،1 | 21 | 24 | 44 | 1،3 | 23،3 |
| 2ت | 17 | 11،3 | 14،1 | 60 | 0،9 | 62،5 |
| ت.و.پایز | 26.4 | 20 | 23،1 | 43 | 1،1 | 28،6 |


سەرچاوە:- 1-(بەڕێوەبەرایەتی گشتی بوومەلەرزەزانی سلێمانی، 2025).

1-پلەی گەرما: ڕەگەزێکی ئاووهەوایی گرنگە و کاریگەری هەیە لەسەر ڕەگەزە ئاووهەواییەکانی دیکە (پەستان، با، چڕبوونەوە و دابارین ... هتد) و ڕووپۆشی ڕوەکی و ئاژەڵ و زیندەوەران و کرداری کەشکاری هەروەها کاریگەری هەیە لەسەر مرۆڤ و چالاکییەکانی (کشتوکاڵ، پیشەسازی، گەشتوگوزار و گواستنەوە و ... هتد). (الربیعی، 2008، ص39). سەبارەت بە ناوچەی لێکۆڵینەوە، بە سەرنجدان بە خشتەی ژمارە (1) ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە تێکڕای پلەی گەرمی لەمانگی ئازار لە وێستگەی کەشناسی پارێزگای سلێمانی (12س°)بووە، وەتێکڕای پلەی گەرمی بۆ وەرزی بەهار لەهەمان وێستگە دەگاتە (18،9س°)، ئەگەر بەراوردێکی وێستگەی کەشناسی پارێزگای سلێمانی بە وێستگەی کەشناسی ئێستای هەڵەبجە بکەین دەبینین وێستگەی کەشناسی پارێزگای سلێمانی لە بەرزی 884م داتاکان تۆماردەکات، بەڵام وێستگەی کەشناسی هەڵەبجە لە بەرزی 770م داتاکان تۆماردەکات، ئەمەش بە هۆی بەرزی پارێزگای سلێمانی لە ئاستی ڕوی دەریاوە لە چاو هەڵەبجە، وایکردوە پلەی گەرمی نزمتربێت بە چەند پلەیەك لە ئاستی هەڵەبجە، هەروەها بە شێوەیەکی گریمانە، بەنزیکەی (100م) قەزای هەڵەبجە بەرزییەکەی کەمترە لە چاو پارێزگای

سـلێمانی، هەر 100م بەرزبونەوەیەك لە ئاسـتی ڕوی دەریا بەنزیکراوەی(1) پلەی گەرمی دادەبەزێ، بەپێی داتای وێستگەی کەشناسی پارێزگای سلێمانی بۆ ساڵی 1988 تێکڕای پلەی گەرمی وەرزی بەهار لە وێستگەی پارێزگای سلێمانی بریتییە (18،9س°)بووە، وە بەرزی هەڵەبجە بە نزیکەی (100م)کەمترە لە بەرزی پارێزگای سلێمانی کەواتە دەتوانین بە گریمانەی یان بە نزیك کراوەی بڵێن تێکڕای پلەی گەرمی لە وەرزی بەهار لە هەڵەبجە بۆ ساڵی 1988 (19،9س°)بووە، ئەگەر سەیری هێڵی پلەی گەرمی یەکسان لە دوای ساڵی 2002 بەدواوە لە قەزای هەڵەبجە بکەین وەك لەنەخشەی ژمارە (3)دا خراوەتەڕوو. ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە ئەو گەڕەکانەی هەڵەبجە کە زۆرترین قوربانیان تێدابووە پلەی گەرمیان لە نێوان (20،2س°- 20،7س°) بووە بە (گریمانە). هەروەها بەشێوەیەکی زانستی سیفەتی کیمیاوی گازەکانی (خەردل و دەمار و VX)کە لە کیمیارانکردنی هەڵەبجەدا بەکارهاتوون. سیفەتەکانی ئەم گازانە ئەوەمان بۆ ڕوندەکاتەوە هەر وەك چۆن جیاوازن لە زیان گەیاندن بە مرۆڤ و گیانلەبەران و ڕووەك، ئەوەهاش جیاوازن لە بڵاوبونەوەیان لە پلەی گەرمی جیاوازدا، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە گازی خەردل و VXزیاتر کاریگەر بوون لەسەر شەهید بوون و برینداربونی هاوڵاتیانی هەڵەبجە بەتایبەت لەشوێنە نزمەکاندا، وەك خانوی ماڵان و بیناو ژێرزەمینەکانی ناو هەڵەبجە و ئەو شـیوو و دۆڵانەی هاوڵاتیان لەکاتی هەڵهاتنیان پەنایان بۆ بردوون لە دەرەوەی هەڵەبجە، هەروەها گازی دەمار کە زۆر بە خێرای توانای بڵاو بونەوەی هەیە، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە ئەم گازە لە دەرەوەی قەزاکە بەکارهاتوون بەتایبەت ئەو ڕێگایانەی کە هاوڵاتیان بەکاریان هێناوە بۆ دەرچوون وەك ڕێگاکانی گوندی (عەنەب و بیاوێڵە و جلیلە و عەبابەیلێ وسـازان و نەوڕۆڵی)، چونکە لە پلەی گەرمی (20س°)دا هەوا بە ئاسـانی بڵاودەبێتەوە، واتە گازێکی سـوکترە لە هەوادا بە بەراورد بە گازی خەردل و دەمار، ئەمەش هۆکاربووە بۆ ئەوەی زۆرترین قوربانی و برینداربونی هاوڵاتیان لەو ڕێگایانەدا زیاتر بوون بە هۆی ئاسانی بڵاوبونەوەی گازەکان. هەروەها لە ڕۆژی کارەساتەکەدا وەك شایەتحاڵانی ناو ڕوداوەکە ئاماژەی بۆدەکەن دەڵێن ئاسمان ساماڵ بوو، هیچ پەڵە هەورێك بە ئاسمانی هەڵەبجەوە نەبوو.( کریم، 2024). وەك لە توێژینەوە زانستیە کیمیاویەکاندا ئاماژەی بە سیفەتی بڵاوبونەوەی گازەکان کراوە. لە ڕۆژی کارەسـاتەکەدا بۆیە مانگی ئازار دیاریکراوە بە هۆی لە باری ڕەگەزەکانی ئاوهەوا لەو مانگەدا وەك (بونی پلەی گەرمی، ڕێژەی شـێ، خێرای با، نەبونی دابارین)، ئەمەش ڕۆژێکی گونجاو بووە بۆ بەکارهێنانی بۆمبی گازەکیمیاویەکان، جگە لە بونی ئاسـمانێکی سـاماڵ و نەبونی هەور کە زیاتر یارمەتی دەربووە بۆ پێکانی ئامانجەکانی هێرشـە ئاسـمانیەکان، ئەمەش ڕەنگە ڕۆژی 3/16 گونجاوتر بوبێت لە ڕوی ڕەگەزەکانی کەشوهەوا جیاواز لە ڕۆژەکانی مانگی ئازاری ساڵی 1988 کە ڕەگەزەکانی کەشوهەوا لەبار نەبوبێت بۆ بەکارهێنانی بۆمبی کیمیاویەکان، گێڕانەوەی ئەو شـایەتحاڵانەی کە چاوپێکەوتنمان لەگەڵیان کردوو، ئەوەیان پشتڕاستکردوەتەوە کە ڕۆژی کارەساتەکە ئاسمان ساماڵ و هەوا کپ و هێمن بووە لەناو هەڵەبجە و بونی هەوایەکی تا ڕادەیەك سـارد لە دەرەوەی هەڵەبجە لە کاتی دەرچوون و نەبونی هەورو نە بارینی باران لەو ڕۆژەدا، واتە کەشێکی بەهارانە بووە، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە سوپای بەعس بەپلانێکی پێش وەختەی پشت بەست بەزانیاری کەشناسی سـوپا، تایبەت بە وەرزی بەهار و مانگی ئازار، هەروەها دیاریکردنی ئەو ڕۆژە ڕەگەزە ئاوهەوایەکان لەبار بوە بۆ بەکارهێنانی چەکە کیمیاوییەکان لەهێرشـەکەدا بەکارهاتووە. دەبینین کاریگەری گازەکان لەناوهەڵەبجە و دەرەوەی هەڵەبجەدا لەسەر زیانی قوربانیەکان جیاوازە.

لەسەر ئەو ڕاستیانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین، ناو هەڵەبجە ئەو گازانە زیاتر بەکارهاتوون کە قورسن و لە نزمایەکاندا دەنیشـــن وەك (ژێر زەمینەکـان)، بەڵام لەدەرەوەی هەڵەبجە و ڕێگـاکـانی دەرچوون ئەو گـازانە بەکـارهـاتوون کە (با)توانای گواستنەوەی هەیە لە شوێنیکەوە بۆ شوێنێکی تر، ئەمەش بەپێی پلانی کەشناسی سوپای عێراق.

نەخشەی ژمارە(3): هێڵی گەرمی یەکسان لە هەڵەبجە




پشت بەست بە خشتەی ژمارە(1): 1-( بەڕێوەبەرایەتی گشتی بوومەلەرزەزانی سلێمانی، 2025).

2-بەکارهێنانی پرۆگرامی((GIS10.8.2)

2-با: خێرای با لەســەر لوتکەی چیاکان زیاترە لە خێرای با لەســەر دەشــتەکان بە هۆی لاوازی هیزی لێکخشــاندن و کێشکردنی زەوی.( علی، 2009،ل19.). بای باشور لەپێش بەرەی نزمە پاڵە پەستۆکانە کە هەڵدەکاتە سەر ناوچەکانی لێکۆڵینەوە، ســروشــتی بەرز و نزمی و زنجیرە چیاکان بە شـێوەیەکی دیار کاریگەری لەســەر هەڵکردنی ئەم بایە بە درێژای ســاڵ هەیە.( ســعدي،1976، ص69). هەروەها بای ڕۆژئاوا بۆ ســەر ناوچەی لێکۆڵینەوە لەکاتی تێپەڕبونی گونجاوی گەرمی نزمەبەرە گەرمەکان، ماوەی ئەم گونجانە کەمە بۆیە ماوەی بەردەوام بونی بای باشــوری ڕۆژئاوا کەمە و بەزۆری دەبێتە هۆی هێمنی هەوا، هۆکاری کاریگەر لە دروســتبونی بـای ڕۆژئـاوا بریتیە لە بـای بـاکوری ڕۆژهەڵاتی ســـارد کە لەبەرزایەکـانی بـاکوری ڕۆژهەڵات هەڵدەکـات و ئـاڕاســتەی ڕۆژئـاوا وەردەگرێـت.( الاســدی،1991،ص9). ڕەگەزەکانی ئاوهەوا، بەتایبەتی با، کاریگەری زۆری لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایدا هەیە، چونکە کۆنتڕۆڵکردنیان زۆر قورسە لە جەنگەکاندا، با دەتوانێت دوو جۆر کاریگەری هەبێت ئەوانیش، سودبەخش و زیان بەخش، ئەگەر با ڕاستەوخۆ ئاڕاستەکەی زانراو بێت بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، ئەوا کاریگەری گازەکە بە تەواوی بڵاودەبێتەوە بۆ ئەو ناوچەیەی ئاڕاســتە کراوە، بەڵام ئەگەر ئاراســتەی با نەزانراو بێت یان لە کاتی تەقاندنی بۆمبی کیمیاویەکەدا ئاڕاستەی با پێچەوانە بگۆڕێت، ئەو کات گازەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی بۆمبی کیمیاوی تێدا

sjh@univsul.edu.iq

تەقێندراوە زیانی گیانی زیاتری لێدەکەوێتەوە. ( Henderson،2017،p48). بۆ نمونە لە جەنگی عێراق و ئێراندا، سـوپای عێراق زۆر جار چەکی کیمیاویی بەکاردەهێنا دژی سـوپای ئێران، بەڵام زۆرکات لە بەکارهێنانی چەکی کیمیاویدا ئامانجەکانی نەدەپێکا، چونکە ئاراسـتەی با نەزانراو بووە، ئەمەش زۆرکات ئەبوە هۆی گەڕانەوەی چەکی کیمیاویی بۆ ئەو شوێنەی کە لێوەی تەقێنراوە، زیانی گیانی گەورەی بە سوپای عێراق دەگەیاند، دواتر سوپای عێراق سوپای ئێرانی بەوە تۆمەتبار دەکرد بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژی سوپای عێراق. هێزی با کاریگەری زۆری لە خێرایی بڵاوبونەوەی چەکی کیمیاویدا هەیە، بە شـێوەیەك ئەگەر با زۆر بەهێز بێت، ئەوا چەکی کیمیاوی بە خێرای دەگوازێتەوە بۆ شـوێنی مەبەسـت، بەڵام با لاواز بێت، توانای گواسـتنەوەی چەکی کیمیاوی لاواز دەبێت بۆ شـوێنی مەبەسـت. ( Robinson،2012،p77). سـەبارەت بەناوچەی لێکۆڵینەوە با بەدوو شـێواز کاریگەری لەسـەر بڕ و ئەندازەی ژمارەی قوربانیەکان لەبەکارهێنانی چەکی کیمیاویدا کردووە، ئەوانیش (ئاڕاسـتەی با و خێرای با)یە، لەبەر ئەوەی ئەم دوو فاکتەرە بەدەزگای تایبەت دیاری دەکرێن، و لەکاتی ئەو کارەسـاتەدا لە بەکارهێنانی چەکی کیمیاویی لەناوچەی لێکۆڵینەوە، هیچ جۆرە دەزگایەکی لەو جۆرە لە هەڵەبجەدا نەبووە هەرچی بوترێت دەبێت بە شێوەی گریمانە باسبکرێت. بە تێبینیکردن خشـتەی ژمار (1)، دەبینین تێکڕای خێرای با لە وێسـتگەی پارێزگای سـلێمانی بۆ وەرزی بەهار (1،7م/چرکە)یە، تێکڕای خێرای با لەمانگی ئازار (1،3م/چرکە)یە، ئەمەش ئەوە ڕوندەکاتەوە کە خێرای با هێمن و لەسـەرخۆ بووە، هەرچەندە پارێزگای سـلێمانی بەرزترە و کراوەترە لە چاو قەزای هەڵەبجە بەڵام پارێزگای سـلێمانی بەرهـەبا بەناوبانگە لەسـاڵی 1988 و لەوەرزی بەهار و مانگی ئازاردا دەبینین خێرای با لەچاو وەرزەکانی تر هێواش و کپ بووە. بە سـەرنجدانمان بە وێنەی ژمارە (1 و 2 و3) لە پاشـکۆدا خراوەتەڕوو، لەوێنەکەدا کاتی بەرزبونەوەی دوکەڵی بۆمبە کیمیاویەکە زۆر بە ڕونی و ئاشـکرا دیارە لەو ڕۆژەدا (با)هێواش و کپ بووە، چونکی دوکەڵی بۆمبی گازە کیمیاویەکان بەرەو ئاسمان بەرزدەبنەوە، ئاماژە لە هێواشی با دەکات لەو ڕۆژەدا. بە پشت بەستن بە وێستگەی کەشناسی پارێزگای سلێمانی بۆ ساڵی 1988، بە شێوەی گریمانە شیکردنەوە بۆ کاریگەریەکانی ڕەگەزە ئاوهەوایەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەین. ئاڕاسـتەی بای باوی وەرزی لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا، لە وەرزی بەهاردا ئاڕاسـتەی ڕۆژئاوا و باشـورە.( محمد، 2012، ل92). ئەگەر بە شـێوەیەکی زانسـتیانە خەمڵاندن بکەین بۆکارەساتی قەزای هەڵەبجە بۆ سـاڵی1988 وەرزی بەهار و مانگی ئازار، بە هۆکاری ئەوەی قەزای هەڵەبجە لە سـێ لاوە بە بەرزای دەورە دراوە واتە یەك لای کراوەیە ئەویش بەشی ڕۆژئاوا کە دەشتی شارەزوورە، هەروەها بەرزی شارەکە لەئاستی ڕوی دەریا کەمترە لەبەرزی پارێزگای سلێمانی، ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر خێرای با لە ناوچەی لێکۆڵینەوە بە بەراورد بە پارێزگای سلێمانی، چونکی ناوچە بەرزایەکان خێرای با تێدا زیاترە وەك لە ناوچە نزمایەکان، هەروەها ئەو ناوچانەی کە باڵەخانە و بینای نیشتەجێ بوون تیایدا زۆربێت هۆکاردەبێت بۆ کەم بونەوەی خێرای با وەك لە ناوچە دەشتایەکان. لێرەدا کاریگەری با دەبەستینەوە بە (شنەی چیا و شنەی دۆڵ)لەکاتی تەقاندنی بۆمبە گازە کیمیاویەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا، شنەی دۆڵ کە هەوا لە دۆڵەکانەوە سەردەکەوی بەرە و سەر شاخەکان، لەکاتی تەقینی بۆمبی کیمیاویەکەدا، شنەی دۆڵ لەبەرژەوەندی خەڵکەکە نەبووە، واتە خەڵکەکە لەهەڵەبجە کەدەرچوون شنەی دۆڵ هەستاوە بە گواسـتنەوەی گازەکە بەرەو چیاکان یان ناوچە بەرزایەکانی دەوروبەری هەڵەبجە وەك ڕێگاکانی گوندی (عەنەب وجەلیلە و عەبابەیلی هاوار و سازان و نەوڕۆلی)، واتە چەند خەڵکەکە ڕۆشتووە بەرەو ناوچە بەرزایەکان شنەی دۆڵ بەدوای خەڵکەکەوە بووە، بۆیە دەبینین زۆرێك لە هاوڵاتیان لەو ڕێگایانە شـەهید بوون بە هۆی گواسـتنەوەی گازی کیمیاوی بەکاریگەری شـنەی دۆڵەکانەوە، ئەمە بەلایەنێکی خراپ بووە بۆ خەڵکەکە، وەك دەردەکەوێت لەکاتی

چاوپێکەوتنمان لەگەڵ شایەتحاڵانی ناوڕوداوەکە، دەڵێن ئیمە لە هەڵەبجە بە ئاسانی دەرچووین هیچ گازێکی کیمیاویمان بەرنەکەوت بەڵام لە ڕێگادا بەرگازی کیمیاویەکە کەوتین.( محمد، 2024). بەهۆی گێڕانەوەکان دەردەکەوێ زۆرترین دانیشــتوان بە ئاڕاســتەی باکور و ڕۆژهەڵات ڕۆشــتوون بۆ دەربازبونیان بەرە و وڵاتی ئێران کە زۆرترین قوربانی دانیشتوان لەو ڕێگایانەدا بووە، دیاریکردنی ئاراستەی با، لەو ڕۆژەدا بەپێی زۆری ژمارەی قوربانیەکانی دانیشتوان لەو شـــوێنانەی کە بەنیازبوون لێوەی دەربچن ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە، ئاراســـتەی با ڕووە و باکور و ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژئاوا بووە، بەشـــیوەیەك هەواکە پاشـــماوەی گازی کیمیاوی لەگەڵ خۆیدا بردووە بەئاراســـتەی باکور و باکوری ڕۆژهەڵات، بەپێی گێڕانەکان دەتوانین بڵێین (با)لەباشـــور و ڕۆژئاواوە هەڵیکردووە بەرەو باکور و باکوری ڕۆژهەڵات. ڕێگاکانی گوندی عەنەب و گوندی بیاوێڵە بەو ئاڕاســـتەیەن کە قوربانیەکی زۆری لێکەوتوەتەوە، زۆری قوربانیەکانی ئەو شوینانە لەوێنەکاندا دەردەکەن، وەك لە وێنەی(4،5)لەپاشکۆدا خراونەتەڕوو ، هەروەها ئاڕاستەی با ڕووە و ڕۆژهەڵات، با بوەتە هۆی گواســـتنەوەی پاشـــماوەی گازەکە لە ناو هەڵەبجە بەتایبەت ئەو گەڕەکانەی بۆمبی کیمیاویان بەرکەوتوە لەناو هەڵەبجە وەك (پاشـــا و شـــەهیدان و ســـەڕا و بەشـــێك لە کانی ئاشـــقان)، وەك نەخشـــەی ژمارە(3)خراوەتە ڕوو، دانیشتوانەکەی هەڵهاتوون بەرە و ڕۆژهەڵاتی هەڵەبجە، بەرەو ڕێگاکانی گوندی عەبابەیلێ تا دەگاتە گوندی ســـازان لە بەشـــی ڕۆژهەڵاتی قەزاکە، بەهەمان شـێوە قوربانیەکی زۆری لێکەوتەوەتەوە ئەو شـوێنانە لەوێنەکاندا خراوەتە ڕوو لەپاشکۆدا ، هەروەها لەباکوری ڕۆژئاوایش دەکرێ ئاماژە بەکاریگەری گازە بکەین لەسەر ژمارەی قوربانیەکانی ناحیەی سیروان و ناحیەی خورماڵ، بۆ ڕاستیەتی لێکدانەوەکەمان بۆمان دەرکەوتوە لە ڕێگەی شـایتحاڵانی ناو کارەسـاتەکە و سـەردانی مەیدانی توێژەران بۆ ئەو گەڕەکانەی دەکەونە باشـوری هەڵەبجەوە، دەبینین کەمترین شـــەهید لەو گەڕەکانە بوون بەتایبەت گەرەکی گوڵان(گوڵانی ســـەر و گوڵانی خوار)، دەرخەری ئەوەیە ئاڕاستەی با ڕووە و باکور و ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژئاوای بووە لەڕۆژی کیمیابارانی شـارەکەدا ، بۆیە زۆرترین قوربانی لە باکور و ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژئاوای هەڵەبجەدا بووە، بەبەراورد بە باشـــوری ناوچەی لێکۆڵینەوە. ئەمەش ئەو ڕاسـتیە دەخاتە ڕوو ئاڕاسـتەی با لەو ڕۆژەدا ئاڕاسـتەکەی بە ئاڕاسـتەی شـنەی دۆڵەکان بووە، دەبینین کاریگەریەکەی زیاتر بووە لەسەر هاوڵاتیان.

3-شێی ڕێژەیی: بریتیە لە ڕێژەی سەدی نێوان ئەو بڕە هەڵمە ئاوەی کە بەڕاستەقینەیی لە هەوادایە، دەتوانێت لەباری تێربوونیدا هەڵیبگرێت لەهەمان پەســـتان و پلەی گەرمی دیاریکراودا.( ابو العینین،1981، ص312). ڕیژەی شـــێ لە هەوادا کاریگەری گەورە لەســـەر مرۆڤ و ژینگە دروست دەکات بە جۆرێك کاریگەری لەســـەر مرۆڤ، دەبێتە هۆی دروستکردنی کێشەی تەندروستی وەك تەنگە نەفسی وخنکان، سوتانی چاو و پێست، کەمبونەوەی ئۆکسجین بۆ مرۆڤ و ئاژەڵ دواتر خنکان، دروســـتکردنی کاریگەری ژینگەی لەســـەر خاك و دارو درەخت، بە هۆی بونی شـــێ لە ناوچەیەکدا گازی کیماوی لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە و دواتر بە شێوەی باران دەبارێت و دەبێتە هۆی پیسبونی خاك و ڕوبەرە ئاویەکان.( Stockholm International،2018،p155). سـەبارەت بە ناوچەی لێکۆڵینەوە، بە سـەرنجدان بە خشـــتەی ژمارە (1) ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە کە تێکڕای شـــێی ڕێژەیی لەمانگی ئازار لە وێســـتگەی کەشـــناســـی پارێزگای ســـلێمانی (69%)بووە، وەتێکڕای شـــێی ڕێژەیی بۆ وەرزی بەهار لەهەمان وێســـتگە (54،6%)بووە، دەردەکەوێت لە وێستگەی کەشناسی پارێزگای سلێمانی تۆمارکراوە، لە وەرزی بەهار ومانگی ئازار دا ڕێژەی شێ بەرزبووە لەو ســاڵەدا، بەڵام لەبەر نەبونی دەزگای تایبەت و تۆمارکراوی ڕاســت و دروســت و خوێندنەوەی دەســت بەجێی داتاکان لەکاتی ئەو کارەســـاتەدا لە هەڵەبجە، ناچار پشـــت بە نزیکترین وێســـتگەی کەشـــناســـی لە هەڵەبجەوە

sjh@univsul.edu.iq

دەبەستین بۆ سود وەرگرتن لە ڕەگەزە ئاوهەوایەکانی بەشێوەی گریمانە شیکردنەوەی بۆ بکەین، ئەویش نزیکترین وێستگە لەوکاتەدا وێستگەی کەشناسی پارێزگای سلێمانیە. وەك دەردەکەوێت لە مانگی ئازاردا ڕێژەی شێی بەرزە، ئەگەر بە شێوەی گریمانە ئەمە بەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوە جێ بەجێ بکەین، بۆمان ڕوندەبێتەوە کە شێی ڕێژەی بەرزبوە لەو مانگەدا و ڕۆژی کارەساتەکە ئاسمان سامالبووە، وەك لە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ شایەتحاڵان کەپێشتر ئاماژەمان بۆکردبوو، واتە خۆر بە شێوەیەکی نیمچە ستونی بەر ناوچەی لێکۆڵینەوە کەوتووە، دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی پلەی گەرمی ناوچەکە، پلەی گەرمی بەرزو شێی ڕێژەی بەرز هەردوو ڕەگەزەکە پێکەوە کاردەکەنە تەندروستی مرۆڤ، بەتایبەت بۆ سەر بۆری هەناسەدان و توانای وەرگرتنی ئۆکسجین کەم دەکەنەوە لە مرۆڤ وگیانلەبەراندا، دواجار دەبنە هۆی خنکانی مرۆڤ یان گیانلەبەران وەك لەسیفەتی گازەکاندا ئاماژەی بۆ کراوە، ئەمەش هۆکاربوون بۆ ئەوەی هاوڵاتیان هەست بە نائارامی و دروستبونی تەنگە نەفسی بکەن، بە هۆی بەرزی پلەی گەرمی و شێی ڕێژی و تێکەڵبونی گازی کیمیاویی هەرسێکیان پێکەوە کەشێکی کوشندەیان بۆ هاوڵاتیان دروستکردبوو لەو ڕۆژەدا، شێی ڕێژەیی بە هۆکارێکی تری زیادبونی زیانی گیانی دانیشتوانی هەڵەبجە دابنرێت، بەتایبەت لە ڕێگاکانی دەرچوون، چونکی بە هۆی تەڕێتی و بونی سەوزای و گژوکیا لە دەروەی هەڵەبجە، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی ڕێژەی شێ زیاتر بە بەراوردکردن بەناو هەڵەبجە.

4-باران: کەشو هەوای ناوچەی لێکۆڵینەوە، ڕەنگدانەوەی کەشو هەوای هەرێمی کوردستانە، بارانبارین لە وەرزی پایزەوە دەست پێدەکات و لەوەرزی زستاندا دەگاتە لوتکە و تا کۆتاییەکانی وەرزی بەهار بەردەوام دەبێت. باران بارین لەمانگەکانی هاویندا دەگمەنە.( محمدئەمین، 2013،ل65). بە سەرنجدان بە خشتەی ژمارە (1) ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە کە تێکڕای باران بارین لەمانگی ئازار لە وێستگەی کەشناسی پارێزگای سلێمانی (147ملم)بووە، وەتێکڕای باران بارین بۆ وەرزی بەهار لەهەمان وێستگە (93،7ملم)بووە، وێستگەی کەشناسی پارێزگای سلێمانی، لە وەرزی بەهار ومانگی ئازار دا دەردەکەوێت باران بارین بەتایبەت لەمانگی ئازار زۆربووە، سەبارەت بە ناوچەی لێکۆڵینەوە، بەڵام لەبەر نەبونی دەزگای تایبەت و تۆمارکراوی ڕاست و دروست و خوێندنەوەی دەست بەجێی داتاکان لەکاتی ئەو کارەساتەدا لە هەڵەبجە، ناچار پشت بە نزیکترین وێستگەی کەشناسی لەهەڵەبجەوە دەبەستین بۆ سود وەرگرتن لە ڕەگەزە ئاوهەوایەکانی بەشێوەی گریمانە شیکردنەوەی بۆ بکەین، ئەویش نزیکترین وێستگە لەوکاتەدا وێستگەی کەشناسی پارێزگای سلێمانیە. لەبەر ئەوەی کەشو هەوای ناوچەی لێکۆڵینەوە ڕەنگدانەوەی کەشو هەوای کوردستانە، بە شێوەیەکی گریمانە بۆمان دەردەکەوێت باران لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لەوەرزی بەهار و مانگی ئازار کەشێکی تەڕو باراناوی بووە، بەڵام لە ڕۆژی ڕودانی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە، وەك شایەتحاڵانی ناو ڕوداوەکە دەڵێن ئاسمان سامال بووە و هیچ پەڵەهەورێ بە ئاسمانەوە نەبووە، هەروەها دەڵێن لەڕۆژی 16تا 1988/3/21 لە هەڵەبجە باران نەباریوە، ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوندەکاتەوە بونی باران و ڕێژەی شێ لە هەوادا کاریگەری گەورە لەسەر مرۆڤ و ژینگە دروست دەکات لە کاتی تەقاندنی بۆمبە کیمیاویەکەدا، ئەگەر ئەو ڕۆژە دابارین هەبوایە بەتایبەت باران ئەوکات گازە کیمیاویەکان لە شوێنی ئەوەی تێکەڵی هەوابن و کاریگەریەکەیان زیاتر بێت لەسەر دانیشتوان، بەڵکو ئەو گازەی کە لە بۆمبی کیمیاویەکەوە دەتەقێتەوە تێکەڵی هەوا دەبێت بارانەکە بەرەو زەوی لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێتە خوارەوە، بەمەش کاریگەری گازەکە لە هەوادا نامێنێ. بەڵام کاریگەریەکانی بۆ سەر خاك و ڕوبەرەئاویەکان زیاتر دەبوو، بەمەش کاریگەری لەسەر کەمبونەوەی ژمارەی قوربانیەکان دەبوو، واتە ڕێگری

دەکرد گازەکە لە هەوادا بمێنێتەوە و کەمتر کاریگەری لەسەر زیانە گیانیەکان دەبوو، وەك ئەوەی کە بە هۆی نەبارینی باران گاریگەری گازەکە لەسەر دانیشتوان و زۆری ژمارەی قوربانیەکان زیاتر بوو.

پشت بەست بەو ڕاستیانەی سەرەوە، ئەگەر وادابنێن لەو ڕۆژەدا هەور بوایە فڕۆکە جەنگیەکان ئامانجەکانی خۆیان بە باشی نەدەپێکا، وەك دەزانین کارەساتەکە لە پێنج ڕۆژی کۆتای وەرزی زستاندا بووە، وەك لە چاوپێکەوتنەکاندا ئاماژە بە بونی بارانێکی زۆر دەکەن لەو ساڵەدا، واتە ڕێژەی شێ بەرزبووە، هەروەها خێرای با هێواش و ئارام بووە، شێی ڕێژەی یارمەتی دەربوە بۆ مانەوەی گازە کیمیاویەکە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر کەمبونەوەی ئۆکسجین توانای هەناسەدان دواتر خنکان، کاریگەریە درێژخایەنەکانی بوەتە هۆی سوتانی چاو پێست و ناکامی لە وەچەخستنەوە کە تائێستایش بریندارەکانی کارەساتەکە بە دەستیەوە دەناڵێنن، جگە لەزیانە ژینگەیەکانی وەك کاریگەری لەسەر خاك و پیسبونی سەرچاوەکانی ئاو لەناوچەی لێکۆڵینەوەدا.

**باسی دووەم: فاکتەرە کاریگەرەکانی جوگرافیای مرۆیی**

فاکتەرە مرۆییەکان دەورو کاریگەریان هەبووە لەسەر زۆری قەبارەی زیانە گیانیەکان لە ناوچەی لیکۆڵینەوەدا، شارەزایانی بواری سەربازی و جوگرافیای سەربازی جەخت لەسەر گرنگی ریگاوبان و هۆکارەکانی گواستنەوە دەکەنەوە، بەبنەمایەکی سەرەکی لەجەنگەکاندا دایدەنێن، لە جەنگ و قەیرانەکاندا، ڕێگاکان و ئامرازەکانی گواستنەوە بە فاکتەرێکی گرنگ دادەنرێن بۆ چۆڵکردنی خێرا دانیشتوان و گەیاندنی یارمەتی لۆجستیکی بۆ سەربازەکان لە بەرەکانی جەنگدا. سەرەڕای ئەوەش، یارمەتی شارنشینی و یەکگرتویی ناوچەیی بەیەکەوە دەدات، کە ئاسایشی نیشتمانی بەهێز دەکەن. لێرەدا ئەم باسە کەرۆڵی ڕێگاوبانەکان و هۆکارەکانی گواستەوە لەخۆدەگرێت، دابەشی دوو تەوەر کراوە ئەوانیش:-

**تەوەری یەکەم: ڕێگاکانی گواستنەوە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە**

فاکتەرێکی مرۆیی گرنگە، کاردەکاتە سەر دابەشبونی دانیشتوان و چڕییان بەگوێرەی شوێن و کات، توانای گەیشتن لە هۆکارەکانی گواستنەوەدا دەگۆڕێت، بۆ نموونە لە ئۆتۆمبیل و فڕۆکە و پاپۆڕ و شەمەندەفەر، کە هەریەکەیان خاوەن خەسڵەت و تایبەتمەندیی خۆیانن و دۆخی جوگرافیای ناوچەکە لە (ئاووهەوا و تۆبۆگرافیا و دارستان و... هتد) کاریگەریی لەسەر جۆری ڕێگاو جووڵە و گەیشتن بەجێدەهێڵن، لەبەرئەوە هەر گۆڕەپان و هەرێمێکی جەنگ دەستنیشانی جۆری هۆکاری گواستنەوە و جووڵە و خێرایی و ماوەی پێویست بۆ گەیشتن دەکات.( غالب ،1987،ل17). نزیکی شوێنی جوگرافیا لە مەیدانی شەڕ بە فاکتەرێکی گرنگ دادەنرێت، ئەمەش وادەکات ئەو بنکانەی هێزی سەربازی نزیکن لە مەیدانی جەنگ بە تێچوو و کاتی کەمتر ئامادە بن بۆ هێرش بردن وەك لەو بنکانەی کە دوورن لە مەیدانی جەنگەوە تێچوو و کاتی زیاتری دەوێ بۆ گەشتن بە مەیدانی جەنگ.( Clausewitz، 1984،732). زۆرجار توانای سەرکەوتن بۆ ئەو هێزە سەربازیانە دەبێت کە کۆنترۆڵی ڕێگای گواستنەوەی سەربازی بە دەست دەهێنن، چونکی تاوەکو هێزەکان دوربن لە مەیدانی جەنگ زۆرجار تێچوی قورس دەبن بۆ گواستنەوەی

سەرباز و کەلو پەل و چەك و تەقەمەنی بۆ مەیدانەکانی جەنگ.( Collins، 1998،450).سەبارەت بەڕۆڵی ڕێگاکانی گواستنەوە و دەرچونی دانیشتوان لەناوچەی لێکۆڵینەوە، لە نەخشەی ژمارە(4)خراوەتە ڕوو. دەبینین گرنگترین ئەو ڕێگایانەی هەڵەبجە بەناوچەکانی دەوروبەری دەبەستێتەوە، بریتین لە ڕێگاکانی (تاکە ڕێگای قیرتاو هەڵەبجە-سیروان-پردی زەڵم-سیدسادق-سلێمانی بەدوری86کم، ڕێگای چەوڕێژکراوی هەڵەبجە-زەڵم بەدوری39کم، ڕیگای خۆڵی هەڵەبجە-نەوڕۆڵی بەدوری19،5کم، ڕێگای چەو ڕێژکراوی هەڵەبجە-تەوێڵە-بیارە بەدوری38،7کم، ڕیگالا خۆڵی هەڵەبجە-هاوار بە دوری 25،3کم، ڕیگای خۆڵی هەڵەبجە-سازان بەدوری19کم). یەکێك لەو شایەتحاڵانەی لەکاتی چاوپێکەوتنمان، دەڵێت شەوی دوای ۱۹۸۸\۳\۱٦ گەڕاینەوە بۆ ناوشاری هەڵەبجە، بینیمان جەستەیەکی زۆر لەسەر شەقام و ناو ماڵ و دەشتایەکانی دەرەوەی شاردا کەوتبون.(چاوپێکەوتن، ئاراس عابد اکرم،2024). (لە هەڵەبجە نزیکەی 53 گۆڕی بە کۆمەڵ لە خۆدەگرێت). وێنەی(7)کە لەپاشکۆدا خراونەتە ڕوو، ئەمەش بەهۆی زۆری شەهیدەکان. ئەم گۆڕانە، ڕەنگدانەوەی کۆچ و ئاراستەی ڕێگای هەڵهاتنی هاوڵاتیانی هەڵەبجەمان پیشان دەدات بە مەبەستی ڕزگاربوونیان لە مەرگ بە گازی کیمیاوی، واتە هەر گۆڕێکی بەکۆمەڵ بریتییە لە ڕێنیشاندەرێک کە پێمان دەڵێت هەڵەبجەییەکان لە کام دەروازە و ڕێگەوە ویستوویانە شار بەجێ بهێڵن.( عبدالله، 2012). کاتێک بەرەو ڕێگای گوندی (عەنەب و هاوار)دەڕۆیت تێ دەگەین ئەم ڕێگانە دەمانگەیەنی بە ئێران و گوندەکانی سەر سنوور، کاتێک بەرەو ڕێگای گوندی (جلیلە وعەبابەیلێ)دەڕۆیت بۆت ڕوون دەبێتەوە پشتی ئەم گوندانە بەرزایی و شاخ، و توولە ڕێگەی زۆری تێدایە بتگەیەنێ بەمەنزڵێکی ئارامی دوورە دەست. هەروەها لەڕێگای (نەوڕۆڵی و گوڵان و سازان)دەڕۆیت دەبینین تەنیا ڕووباری سیروان لە باشوور لەڕۆژهەڵاتی کوردستان جیا دەکاتەوە. سەرجەم جۆری ریگاکان خۆڵ بوون لەوکاتەدا، جگە لە ریگای هەڵەبجە-سیروان-پردی زەڵم-سیدسادق-سلێمانی، کە بەرێگای (هەڵەبجە-سلێمانی)ناسرابوو ڕێگای قرتاو بوون، بە هۆی خراپی ریگاکانی گواستنەوە کە خۆڵ بوون، هۆکاربوون بۆ درەنگ ڕۆشتنی هاوڵاتیان بۆ دەرچوون لە هەڵەبجە. بەسەرنجدان بۆمان دەردەکەوێت، ئەم جۆری ریگایانە لەوکاتەدا گاریگەری زۆریان لە سەر زۆری ژمارەی شەهید و بریندارەکان هەبووە. هەروەها سەربازە ئێرانییەکان لەسەر سنوور و ئۆردوگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەمبەر و لەوبەری ئاو بە بەلەم، ئۆتۆمبیلی گواستنەوەی سەربازی(زیل)، شۆفرلێت و کۆپتەر خەڵکەکەیان گواستەوە بەرەو مزگەوت، قوتابخانە و هۆڵە گەورەکان نێو شارۆچکەکان و کەمپە جۆراوجۆرەکانی وەك پاوە، کامیاران، هەرسین، سەنغور، دزڵی، سەراوفەرش (سراب فش) و گەلیاران، ئەوانەی بەرکەوتووی کیمیاییەکە بوون، دەست بە سارێژی برینەکانیان کراوە و ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی ئێران یان دەرەوەی وڵات کراون، جگەڵەوە مانگی سووری ئێرانی، نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتی ئێران پەیتا پەیتا و تا یەك دوو ساڵی یەکەم، خۆراك و پێداویستیی سەرەتاییان بۆ ئاوارەکان دابین کرد.( عبدالقادر، 2025).

لەسەر ڕوناکی و ئەو ڕاستیانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین، هەڵەبجە ناوچەیەکی سەرسنورە، بەشێوەیەك (10)میل لەسنوری ئێران و (150)میل لە بەغداد دورە، لەوکاتەدا حکومەتی ئێران بەڕەسمی ئەو ڕێگاو دەروازانەی کە ناوچەی لێکۆڵینەوە بە ئێرانەوە دەبەستێ داخرا بوون، واتە دەروازەیەکی کراوە نەبوو بەڕوی عێرقدا-ئێراندا، لەبەرئەوە ڕێگاو بانەکانی هەڵەبجەیش زۆر گەشەیان نەکردبو، چونکە ئەگەر لە ڕێگای(تەوێڵە و سازان و ئەحمەد ئاوا)وە کاڵاو شتومەکی ئێرانی بهاتایە ناوچەی لێکۆڵینەوە، ئەمەش کاردانەوەیەکی باشی دەبوو بۆ گەشەکردنی جادەکانی دەرەوەی هەڵەبجە و ئەو جادانەی هەڵەبجە بە بەناوچەکانی ترەوە دەبەستێت. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە بەهۆی خراپی

ڕێگاوبانەکان زۆرینەی دانیشتوان لەو ڕۆژەدا لە ترسی بۆردوومان لە ژێرزەمینی ماڵەکانیاندا خۆیان حەشار دابوو، یان بە پێ لەگەڵ خێزانەکانیاندا بەرەو دەرەوەی هەڵەبجە و ڕۆژهەلاتی کوردستانی ئیران کۆچییان کرد.

**تەوەری دووەم: هۆکارەکانی گواستنەوە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە**

لە جوگرافیای سیاسیدا، گواستنەوە (Transportation) وەك (ئۆتۆمبیل و هەموو جۆرەکانی گواستنەوەی وشکانی، کەشتی، فرۆکە)، ئەمانە بەیەکێك لەفاکتەرە گرنگەکانی جوگرافیای سیاسی دادەنریت، کە بریتی یە لە ئەو ئامراز و هۆکارانەی کەمرۆڤ، کالا، و خزمەتگوزاری لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەی تر دەگوازێتەوە، کاریگەری لەسەر دروستبوون و گۆڕانی سنوورە سیاسییەکان، هاوکاریی نێودەوڵەتی، و هێزە سیاسییەکان هەیە.( Flint،2019،p128). سەبارەت بە هۆکارەکانی گواستنەوە لەناوچەی لێکۆڵینەوەدا، مەبەست لەهۆکارەکانی گواستنەوەی خراپ یان هۆکاری گواستنەوە لەوسەردەمەدا هۆکاری پێشکەوتوو نەبوو، ئەمەش بەهۆکاری ئەوەی زۆربەی ئەوخەڵکانەی کە هۆکاری گواستنەوەیان هەبوو، جگە لەوەی هۆکارەکانی گواستنەوە لەو دەمەدا داخراو و هەوا بڕ نەبوون بەڵکو کراوە و سەربەتاڵ بوون، ئەو خەڵکانەی کەپێش ڕاگواستنیان بۆکۆمەڵگا زۆرە ملێکان (عەنەب و زەمەقی)لەگوندەکان خەریکی کاری کشتوکاڵی و بەخێوکردنی ئاژەڵ و باخداری بوون، هۆکارەکانی گواستنەوە یان پیشکەوتوو نەبوو بەڵکو زیاتر هۆکارەکانی گواستنەوە وەك (تراکتور، جێب، لانکرۆزەر...هتد)بوون. ئەگەر تێڕوانینێك بکەین بۆکاتی ڕودانی کارەساتەکە، دەبینین خەڵکی بۆ دەربازبونیان لەناو هەڵەبجە بۆدەرەوەی هەڵەبجە پەنایان بردوتەبەر ئەو ماڵانەی کەخاوەنی تراکتور یان هەر هۆکارێکی تری گواستنەوە بۆ ئەوەی بەهەر ڕێگایەك بێت لەم کارەساتە ڕزگاریان بێت.

کێشەی خەڵکی بۆ دەربازبون لەکاتی کارەساتەکەدا بە هۆی کەمی و خراپی هۆکارەکانی گواستنەوە بوو، ((بۆنمونە تراکتور(مەکینەوعەرەبانە)ی پێدەڵێن کە لەدووبەش پێکهاتووە (مکینە+عەرەبانەکە)ی، ئەمەیش توانای هەڵگرتنی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی هەبووە لەعەرەبانەکەیدا کەزیاتر خەڵکی گەرەکەکان خزم و کەسوکاری یەکتربوون حەزیانکردووە هەمویان پێکەوەبن، تراکتور بەهۆی ئەوەی توانای ڕۆشتنی خێرای نیە، بەهۆکارێکی کاریگەردادەنرێت لەوکاتەدا لەسەر زیادبونی ژمارەی قوربانیان و بریندارارن.

نەخشەی ژمار(4): ڕێگاکانی دەرچونی دانیشتوانی هەڵەبجە

أ-ڕودانی کیمیابارانی هەڵەبجە.




ب-بە بەکارهێنانی پرۆگرام ((GIS 8.10).

ج-بۆ سزادانی کۆمپانیان بەشدارەکان بەبەر هەمەکانیان لە جینۆسایدی گەلی کورد و قەرەبووکردنەوەی حکومەتی هەرێم و پارێزگای هەڵەبجە و یەك بە یەکی دانیشتوانی هەڵەبجە بەگشتی و بەرکەوتوان و قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە.

. ئەمە جگەلەوەی ڕێگاکانی دەرچوون لەشار لەو سەردەمەدا زۆربەی ڕێگاکان خوڵ بوون، ئەمەش خۆی بۆخۆی کاریگەری هەبووە لەسەر هێواش ڕۆشتنی ئامرازەکانی گواستنەوە، دواجارکاریگەری هەبووە لەسەر زیادبونی ژمارەی قوربانیان)). ڕێگای گوندی عەنەب تاکە ڕێگا بوو لەڕوی باشی ڕیگا، کەناو هەڵەبجە دەبەستێتەوە بەدەرەوەی هەڵەبجە بۆ ناوچەکانی هەورامان، بەڵام بەهۆی بۆمبارانکردنی ئەو ڕێگایە بەچەکی کیمیاوی بوە هۆی شەهیدبونی

ژمارەیەکی زۆرخەڵك لەســـەر ئەو ڕێگایانە ، ئەم شـــەهیدانە بەدرێژای ڕێگای(هەڵەبجە-عەنەب) لەســـەر ڕێگاکەدا کەوتبوون، کەوتنی ئەو ژمارە خەڵك لەســـــەر ڕێگای عەنەب، هۆکارێکی ســـــەرەکی بوو بۆ پەکەوتنی ئامرازەکانی گواستنەوە. حامد حاجی غالی سەرپەرشتیاری هێزی پێشمەرگەی (ی.ن.ك)لەسنوری هەڵەبجە، دەڵێت لەکاتی ڕوداني کارەســاتی هەڵەبجە هیچ هۆکارێکی گواســتنەوە بۆ گواســتنەوەی پێشــمەرگە و هاوڵاتیان لە هەڵەبجەوە بۆ ئێران نەبوو، ڕێگای شــنروی و ڕێگای ســازان تەنها ڕێگا بوو بۆ ڕزگاربوونی هاوڵاتیان، ڕێگای عەنەب بەهۆی کیمیابارانەوە بە کەڵکی هاتوچۆکردن نەدەهات. ئەو ئۆتۆمبیل و تراکتۆرانەی کەژمارەیەکی زۆر لەخێزانەکانیان هەڵگرتبوو، بەهۆی زۆری تەرمەکان لەســەر ڕێگاکان وەك بەربەســتێك وابوون لەبەردەم هۆکارەکانی گواســتنەوە، ئەمەش جارێکی دیکە بوەهۆی زیادبونی ژمارەی قوربانیان، وەك ئەوەی شـــــایەتحاڵەکانی ناو کارەســـــاتەکە لەکاتی چاوپێکەوتنمان لەگەڵیان ئاماژەیان بۆکردوە.

لەســـەر ئەو ڕاســتیانەی ســـەرەوە دەتوانین بڵێن، بە هۆی خراپی ڕێگاکانی هاتووچۆ کە زۆربەیان ڕێگای خۆڵ بوون، هەروەها خراپی و کەمی هۆکارەکانی گواستنەوەی لە ناوچەی لێکۆڵینەدا، کاریگەریان هەبووە لەسەر زیادبونی زیانی گیانی هاوڵاتیانی هەڵەبجە لەکاتی دەربازبونیان لە هەڵەبجە، چونکە لەکاتی ئەو مەرگەســـاتە وەکو ئیســـتا دانیشـــتوانی هەڵەبجە هۆکارەکانی گواستنەوەیان نەبو، بەشــی زۆری دانیشتوانی هەڵەبجە بە پیادە شــاریان بە جێهێشت، لەبەر ئەوە ئەگەری بەرزبونەوەی ژمارەی قوربانیان بەرزتربوە، بە بەراورد بەوانەی کە بەئۆتۆمبیل و هۆکاری گواســـــتنەوەی تر هەڵەبجەیان بەجێ هێشتوە.

**باسی سێیەم: فاکتەرە کاریگەرەکانی جوگرافیای ڕامیاری و سەربازی لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا**

هەرێمی کوردســتان بەگشــتی، لەســەروبەندی دروســتبوونی دەوڵەتی عێراقەوە تاکو ئەمڕۆ ســەقامگیریی سیاسـی و کۆمەڵایەتی بەخۆیەوە نەبینیوە، بێگومان دۆخی ســـیاســـی و کارگێری پەیوەســـتە بە ســـەرجەم کایەکانی ژیانەوە، گاریگەرییەکانیان بۆ تەواوی بەش و لایەنە بچوکەکانی ژیان و گوزەرانی هەر کۆمەڵگەیەکی دانیشتوان لەچوارچێوەی سنوورە ڕامیارییەکاندا شۆڕدەبنەوە. لەم ڕوانگەیەوە ئەم باسە دابەشی دوو تەوەر دەکەین، کە بریتین لە:

**تەوەری یەکەم: فاکتەرە کاریگەرەکانی جوگرافیای لە ناوچەی لێکۆڵینەوە**

**یەکەم: دوژمنایەتی و جەنگی نێوان کۆماری عێراق-کۆماری ئیسلامی ئێران**

ململانێی سـیاسـی نێوان عێراق و کۆماری ئیسـلامی ئێران لەسـاڵانی (1980-1988) ئاماژەیە بۆ شـەڕی ئێران-عێراق، کە یەکێکە لە درێژخایەنترین و وێرانکەرترین ململانێکانی سـەدەی بیسـتەم. شـەڕەکە بەهۆی ناکۆکی لەسـەر خاك و جیاوازی ئایدیۆلۆژی و گرژی جیۆپۆلەتیکی ناوچەکە دروست بوو.

بە شێوەیەك کێشەی سیاسی نێوان عێراق و ئێران لەڕوانگە جوگرافیەوە، دەگەڕێتەوە بۆ دروست بونی شەڕی نێوانیان لەسەر (شط العرب)کە هەردوو وڵات دەیان یویست دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ناوچەی ناردنە دەرەوەی نەوتدا بسەپێنن، ئەمەش کێشـــە لە ناوچەی ناردنە دەرەوەی نەوت لە کەنداوی فارس و گەروی هورمز دروســـت کرد, ئەم دوو ناوچە کاریگەری زۆریان هەبوو لەسەر بڕ و نرخی نەوت لە جیهاندا، کە لەڕێککەوتنامەی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥دا پرسی ســـنووری لە بەرژەوەندی ئێران یەکلایی کردبووەوە، بەڵام ســـەدام حوســـێن لە ســـاڵی ١٩٨٠ڕێککەوتنامەکەی

هەڵوەشـــاندەوە و بانگەشـــەی کۆنترۆڵکردنی تەواوی ڕێڕەوە ئاوییەکان دەکرد.( Karsh،1972،p72). شـــۆڕشـــی ئیسـلامی سـاڵی (١٩٧٩)، شـای ئێرانی ڕووخاند و کۆماری ئیسـلامی لە سـەردەمی ئایەتوڵڵا خومەینی دامەزراند، هەروەها ڕکابەرایەتی نێوان حکومەتی بەعس بەسەرۆکایەتی سەدام حسێن و حکومەتی ئێران بەسەرۆکایەتی خومەینی هۆکارێکی تربوو، کە عێراق دەترسا لەوەی شۆڕشـی ئیسـلامی ئێران ببێتەهۆی ناسـەقامگیری و کاریگەری لەسـەر شـیعەکانی دابنێت و هێز بۆ شـیعەکانی عێراق زیاد بکات و شـیعەکان دەسـت بەسـەر عێراقدا بگرن، هەربۆیە ئەم ناسـەقامگیرییە بوە هۆی ئەوەی لەسـاڵی 1980جەنگ لە نێوانیاندا هەڵبگیرسـێت، هێزە عێراقییەکان بەشـێک لە خـاکەکـانی ئێرانیـان گرت بەڵام ڕووبەڕووی تونـد بوونەوە لەلایەن هێزەکـانی کۆمـاری ئیسـلامی ئێران.( Hiro،1991،p389). لەماوەی ئەم جەنگەدا، هەردوو وڵات زیانی گەورەی مرۆیی و مادییان بەرکەوت، بە جۆرێك بە نزیکەی دوو ملیۆن کەس کوژران و بریندار بوون، کوردەکانیش لەو ژمارەییە بێبەش نەبوون و لەهەردوو وڵات زیانیان بەرکەوت. هەروەها جەنگی کەشتیەکان لە کەنداوی فارس و هێرش کردنە سەر بارەگا نەوتییەکان کاریگەری گەورەی لەسـەر ئابوری ناوچەکە هەبوو. ئەمەش وایکرد لەسـاڵی 1987دا، ئەنجومەنی ئاسـایشـی نێودەوڵەتی داوای ڕاگرتنی شەڕ و ئاگربەستی کرد و لە 20ی ئابی 1988دا ئاگربەست ڕاگەیەنرا.( Murray،2014،p275). ڕژێمی بەعس دانیشـتوانی کوردی وەک هەڕەشـەیەک بۆ سـەر یەک پارچەی خاکی عێراق تەماشـا دەکرد، بە تایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی خواسـتەکانیان بۆ ئۆتۆنۆمی و هاوپەیمانیان لەگەڵ ئێران، بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن عێراقەوە لە دژی کوردەکان، یەکێك بوو لە تاوانە گەورەکانی ئەم جەنگە وەک لیدانیکی ڕەمز و سـتراتیژی لە دژی شـۆڕشـگێران کورد کرا بە ئامانج.( Hussein،1988،p107). ئەم هێرشـە بە شـێوەیەکی بەرچاو بۆ پێشـگرتن لە بەدەستهێنانی ئۆتونۆمی یان سەر بەخۆی زیاتری دانیشتوانی کوردستان بوو، ڕژیم لە ڕێگەی توندوتیژی و توقاندنەوە هەوڵی لە باربردنی خواستەکانی کوردیدا، بە ڕێگریکردن لە بەرخۆدانی زیاتر لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی ڕژێمی سەدام حوسێن، بەکارهێنانی چەکی کیمیایی ئامرازێك بوو بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی سیاسی و نیشاندانی توانا و هێزی حکومەتی بەعس، ئەوەش وەک چاوترساندنێک بوو بۆ نەهێشتنی هەر پلانی یان هەڕەشەی هەست پێکراوی ناوخۆیی و دەرەکی.( Black،1993،p80).

لەسەر ڕاستیانەی سەرەوە دەتوانین بڵێن، شەڕی ئێران وعێراق ململانێیەکی درێژخایەن و وێرانکەر بوو، کە بەهۆی تەماحی خاکی و جیاوازی ئایدیۆلۆژی و ململانێی دەسـەڵاتی ناوچەییەوە، بۆ ماوەی دەیان سـاڵ دیمەنی سـیاسـی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتی بەخۆیییەوە سـەرقاڵکردبوو، کاریگەری بەردەوامی لەسـەر سـیاسـەتی ناوخۆیی و دەرەوەی هەردوو وڵات هەبوو. هێرش بۆ سـەر هەڵەبجە بە بۆمبی کیمیـاوی، بەهۆی تێکەڵەیەک لە ململانێی نـاوچەیی و سـەرکوتکردنی نەتەوەیی و ستراتیژی بەرفراوانتری حکومەتی عێراق بوو، بۆ پاراسـتنی یەك پارچەی خاکی عێراق و کۆنترۆڵکردنی لەڕێگەی ترس و توندوتیژیەوە.

**دووەم: ناکۆکی سیاسی نێوان گەلی کورد و سەرکردایەتی شۆڕشی گەلی کوردستان-سەرکردایەتی عێراق**

ئەم ناکۆکی و ململانێ ڕەگ وریشـەی مێژوویی هەیە و کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسـەر بەدەسـت هێنانی ئۆتۆنۆمی و مافە سیاسییەکان و کاریگەری لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان هەیە، بونی ئەم ناکۆکیانە هەمیشە بووەتە هۆی ڕووبەڕوبوونەوەی سەربازی و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی.

پەیوەندی نێوان حکومەتی عێراق و شـــۆڕشـــی کوردســـتان لە ســـەردەمی شـــێخ مەحمود حەفید پڕبوو لە ململانێ و توندوتیژی، شـــێخ مەحمود هەوڵی دامەزراندنی حکومەتی کوردیدەدا، هەرچەندە ســـەرەتا ئینگلیزەکان ئەویان وەک حاکمی سلێمانی دەست نیشان کرد, بەڵام بەهۆی خولیای بۆ سەربەخۆیی کوردستان بوە هۆی دروست بونی کێشە لەگەڵ حکومەتی عێراق، هۆکار بوو بۆ کەمبوونەوەی دەسەڵاتەکەی. لە ساڵی ۱۹۲۲ شێخ محمود لە دژی حکومەتی عێراق و ئینگلیزەکان ڕاپەڕی، بەڵام دوای شـــەڕێکی توند، ڕاپەڕینەکەیان دامرکاندەوە، ســـەرەڕای هەوڵەکانی بۆ خۆڕاگری، بەڵام دواجار شـۆڕشـەکەی شـێخ مەحمود شـکسـتی هێنا و لە ئەنجامدا بەبریندار ی دەست گیرکرا و لە کوردســـتان دورخرایەوە.( حەســـەن،2005،ل125). هەروەها پەیوەندی نێوان ســـەرکردایەتی شـــۆڕشـــی ئەیلول و حکومەتی عێراق لەســـاڵانی (1961-1975)بەململانێ و توندوتیژی ودانوســـتانی ســـیاســـی گوزەری کرد، دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن بەریتانیا و پێکهێنانی حکومەتی عێراق، کورد هیوای ئەوە بوو دان بە مافەکانیدا بنرێت، بەڵام حکومەتی عێراق ڕەتیکردەوە، بەتایبەتی دوای ڕووخانی دەسەڵاتی پاشایەتی و دامەزراندنی دەسەڵاتی کۆماری، عەبدولکەریم قاسم بە ئاشکرا داواکارییەکانی کوردی ڕەتکردەوە، ئەمەش بوە هۆی دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوول لەساڵی ۱۹٦۱ لەلایەن مەلا مستەفای بارزان.( ئاسان،2005،ل108). لەنێوان ساڵانی (1963-1970)پەیوەندی نێوان حکومەتی عێراق و ســـەرکردایەتی شـــۆڕشـــی کورد گۆڕانکاری زۆر بەخۆبینی، دوای ســـەرکەوتنی کودەتای ســـاڵی 1963و هاتنی حیزبی بەعس بۆ دەســـەڵات، هەوڵی زۆر درا بۆ چارەســـەرکردنی کێشـــەی کورد، بەڵام نەگەشـــتن بە ئامانج، ئەوەبوو لەساڵی 1970حکومەتی عێراق و بارزانی دەستیانکرد بە گفتوگۆ و ڕێککەوتنی ۱۱ی ئازاری ۱۹۷۰ لێ فەراهەم بوو، پێشنیاری پێدانی خود موختاری بۆ کوردستانی باشورکرا. بەڵام دوای چەند ساڵێک حکومەتی بەعس لەڕێککەوتنامەکە کشایەوە، ئەمەش جارێکی تر شەڕوو پێکدادان لە نێوان هەردولا دروست بوو.( عابد،2018،ل45). پەیوەندی نێوان سـەرکردایەتی شۆڕشـی ئەیلوول و حکومەتی عێراق پڕبوو لەکێشـە و توندوتیژی، حکومەتی عێراق بەشێوەیەکی سیستەماتیک هەوڵی دەست بەسەرداگرتن و کۆنترۆڵی کوردستانی باشووری دەدا، بەڵام لە نێوان ساڵانی (۱۹٦۱-۱۹۷٥)دا، شۆڕشی ئەیلوول زۆر کاریگەری هەبوو لەسەر دۆزی کورد، لەساڵی ۱۹۷٥بەهۆی ڕێککەوتنی جەزائیری نێوان عێراق و ئێران، بـارزانی و پـارتی دیموکراتی کوردســـتان هەموو پشـــتگیری ئێران و ئەمریکای لەدەستدا و شۆڕشی ئەیلوول کۆتایی هات، بۆیە زۆرێك لە فەرماندەکانی شۆڕش ناچار دوای کۆتایی هاتن بە شۆڕش بەرەو وڵاتانی ئێران و سوریا و ئەوروپا کۆچیان کرد.( عوسمان،2015،ل187). لەسـاڵانی (۱۹۷۹-۱۹۸۰)، پارتی دیموکراتی کوردســـتان و یەکێتیی نیشـــتمانیی کوردســـتان لەگەڵ هێزە کوردییەکانی تر بوون بە هاوپەیمانی کۆماری ئیسـلامی ئێران بۆ دەسـپێکردنەوەی شـۆڕش دژ بەحکومەتی بەعس، بە هۆی بەردەوامی جەنگی نێوان عێراق-ئێران، زۆری چالاکی هێزە کوردیەکان بەرامبەر حکومەتی بەعس لەو ســـاڵانەدا وایکرد توندوتیژیەکانی بەعس بەرامبەر خەڵکی کوردستان تا دەهات زیاتربوو، ئەوە بوو لەسـاڵی 1988 حکومەتی بەعس پرۆسـەی ئەنفال و کیمیابارانی دژبە خەڵکی کوردســتان جێ بەجێکرد، لەســاڵی 1991دوای شـکسـتی سـوپای بەعس بۆ گرتنی وڵاتی کویت، هاوڵاتیان و حیزبە کوردستانیەکان بە هاوکاری ئەمریکا، توانیان پارێزگاکانی (هەولێر و سلێمانی و دهۆك) لەژێردەستی سوپای عێراق ڕزگاربکەن، ئەمەش بوەهۆی دروســـتکردنی (نـاوچەی دژە فڕین)لەلایەن ئەمریکـا و نەتەوەیەکگرتوەکـان، کوردەکان توانیان دەســـەڵاتێکی نوی بۆ خۆیان پێك بهێنن، ئەویش حکومەتی هەرێمی کوردســـتان بوو، کەتا ئێســـتا ئەم حکومڕانیەی کورد لە هەرێم بەردەوامی هەیە.

لەســەر ڕوناکی و ئەو ڕاســتیانەی ســەرەوە دەتوانین بڵێن، ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق بە هۆی زەوکردنی مافی نەتەوەیی کورد، هەمیشە پەیوەندی نێوان کورد و حکومەتی عێراق لە باری توند وتیژی و شەڕدا بوو، بەتایبەت لەکاتی گرتنە دەستی دەســەڵات لەلایەن ســدام حسێن، ناکۆکیەکانی نێوان ســەرکردایەتی شۆڕش و ســەرکردایەتی حکومەتی بەعس ڕۆژ بەڕۆژ توندتر و قوڵتر دەبوو، بەپێی بەیاننامەی 11ئازاری ســاڵی 1970، شــوڕشــی ئەیلول بەسەرکردایەتی ملامستەفا ڕێك نەکەوتن لەگەڵ حکومەتی عێراق، لەبەر ئەوەی ئەوان زۆر بە گوێی ئێران و ئیسرائیل و ئەمریکــایــان دەکرد، هەروەهــا ســــاڵانی 1983 بۆ 1984یش گفتوگۆیەك لە نێوان یەکێتی و حکومەتی عێراق دروســتبوو، بەهەمان شــیوە ئەمجارەش ڕێك نەکەوتن، هەردوولا هەڕەشــەیان لەیەکتری دەکرد، هێزە کوردیەکان لە هەوڵ و لێدانی بەرژەوەندە ئابوریەکانی وەك کێڵگەی نەوتی کەرکوك بوون، ڕژێمی بەعسیش لە هەوڵی کۆتایی هێنان بوو بە بزوتنەوەی ڕزگــاری خوازی گەلی کورد، بۆ ئەو مەبەســـتە هیچ دوودڵ نەبوو لە بەکــارهێنــانی چەکی قەدەغەکراوی جیهانی گازی خنکێنەری وەك کیمیاوی.

**تەوەری دووەم: فاکتەرە کاریگەرەکانی جوگرافیای سەربازی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە**

**یەکەم: جەنگی (عێراق-ئێران)کۆمەکی هەرێمی و نێودەوڵەتی بۆ حکومەتی عێراق**

لەماوەی جەنگی عێراق و ئێران (1980-1988)حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی سەدام حوسێن، هاوکارییەکی بەرچاوی ناوچەیی و نێودەوڵەتیی لە وڵاتانی جۆراو جۆرەوە وەرگرت کە ئێرانیان وەک دوژمنێکی هاوبەش دەبینی. پشتگیرییەکان بە شێوەی جیاواز بوون، لەوانە هاوکاری دارایی، پێداویستی سەربازی، هاوبەشکردنی هەواڵگری و پشـــتگیری دیپلۆماســـی.(علادین،2020،ل23). لێرەدا تێروانینێکی گشـــتی بۆ پشـــتگیریەکانی وڵاتانی ناوچەی و نێودەوڵەتی دەخەینەڕوو، پشتگیری ناوچەییەکان وەك وڵاتانی کەنداو (سعودیە، کوێت، ئیمارات و هتد)ئەم وڵاتانە لە ترسی تەشەنەسەندنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران بە ملیارەها دۆلار هاوکاری داراییان پێشکەش بە عێراق کرد. هەروەها کومیت و ســعوودیە ڕێگەیان دا عێراق بەندەر و دامەزراوەکانیان بۆ لۆجســتی و بازرگانی بەکاربهێنێت. هەندێک لە وڵاتانی کەنداو سووتەمەنی و پاڵپشتی داراییان بۆ عێراق دابین کرد بۆ کڕینی چەک. ئوردن یەکێک بوو لە هاوپەیمانە بەهێزەکانی عێراق، بەندەری عەقەبەی بە کراوەیی هێشـــتەوە بۆ هاوردەکردنی کەرەســـتەی ســـەربازی بۆ عێراق، هەروەها ئوردن ئاسانکاری بۆ ناردنی چەک و پاڵپشتی لۆجستی کرد. میسر چەک وتەقەمەنی بۆ عێراق دابین کرد، لەوانەش چەکی سۆڤیەت، هەروەها ڕاوێژکاری سەربازیی نارد و ڕێگەی بە هێزە عێراقییەکان دا لە میسر مەشق و ڕاهێنان بکەن. تورکیا هەوڵی پاراســـتنی پەیوەندییە بازرگانییەکانی لەگەڵ عێراق و دابینکردنی ڕێگەی گەیشـــتن بە دەریای ناوەڕاســـت لە ڕێگەی بۆرییەوە بۆ هەناردەکردنی نەوت کرد، وەک ڕێرەوێکی بازرگانی بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەربازییەکان.( Gulf War،2013،p125). هەروەها پشتگیری نێودەوڵەتی لەوانە: ئەمریکا لەکاتێکدا کە بە فەرمی بانگەشــەی بۆ بێلایەنی خۆی دەکرد، عێراقی وەک هاوســەنگییەک بۆ ئێران دەبینی و پشتگیری هەواڵگری (وێنەی مانگی دەستکرد، سیخوڕی سەربازی)ی پێشکەش بەعێراق دەکرد، ئامانجی سنووردارکردنی فرۆشتنی چەک بوو بۆ ئێران و لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پشتیوانی عێراق بوو، جگە لەیارمەتی دارایی و کشتوکاڵی بۆ نموونە پێدانی قەرز بۆ کڕینی دانەوێڵە.( wikipedia،2003). هەرچی هاوکاریەکانی یەکێتی ســـۆڤیەتیش، خۆی لەدابینکردنی تانک و فڕۆکە و تۆپخانە دەبینیەوە هەرچەندە ســـەرەتا دوودڵ بوو بەڵام دواتر هاوکاریەکانی زیاد کرد، هەروەها هاوپەیمانانی سۆڤیەت وەک ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و بولگاریا و چیکۆسلۆڤاکیاش بە چەك یارمەتی عێراقیاندا

sjh@univsul.edu.iq

بۆ بەهێزکردنی سوپاکەی.( Directorate of Intellgence،2011). سەبارەت بەفەرەنسا، یەکێک لە گەورەترین کۆمپانیاکانی دابینکردنی چەک بوو بۆ عێراق، دابینکردنی فڕۆکەی جەنگی میراج و مووشەکی ئێکزۆسێت و تەکنەلۆژیای سەربازی، هەروەها فەرەنسا یارمەتی عێراقی دا بۆ پەرەپێدانی بەرنامە ئەتۆمییەکەی کە ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٨١ بۆردومانی کرد.( Martinson،1984،p234). هەروەها ئەڵمانیا و وڵاتانی تری ئەورووپی هەندێک لە کۆمپانیا ئەڵمانی و ئەوروپییەکان کەرەستەیان بۆ عێراق دابین کرد بۆ پرۆگرامی چەکی کیمیایی. هەروەها ئیتاڵیا و بەریتانیا مامەڵەی ئابووری و سەربازییان لەگەڵ عێراقدا هەبووە. وڵاتی چین چەک و تۆپ و مووشەکی بە عێراق دەفرۆشت، بەتایبەتی لە ساڵانی دوای جەنگ.( عیسی،2004،ص64).

لەسەر ڕوناکی و ئەو ڕاستیانەی سەرەوە دەتوانین بڵێن: عێراق پشتیوانی دارایی و سەربازی گەورەی لە وڵاتانی کەنداوی عەرەبی، ئەمریکا، یەکێتی سۆڤیەت و گەلانی ئەوروپا وەردەگرت، هەروەها شەڕەکە بوو بە ململانێیەکی بە وەکالەت و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و عەرەبی ترسیان لە پەرەسەندنی کاریگەرییەکانی ئێران هەبوو، لە کاتێکدا ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت لە شەڕی ساردا دژبەك بوون، بەڵام بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە کاتە جیاوازەکاندا یارمەتی عێراقیان دەدا.

**دووەم: بونی پێشمەرگە و سوپای کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا**

بوونی پێشمەرگە و سوپای کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەڵەبجە لە مانگی ئازاردا، هۆکارێکی سەرەکی بوو لە چوارچێوەی جەنگ نێوان عێراق- ئێران، دواتر بە کیمیابارانی هەڵەبجە کۆتای هات. لێرەدا هەوڵدەدەین هۆکاری بونی پێشمەرگە و سوپای پاسدارانی ئێران لەناوچەی لێکۆڵینەوە بخەینە ڕوو:-

هەڵەبجە بە ناوەندێکی بەرخۆدانی هێزە کوردیەکان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە هەژمار دەکرا، خەڵکی هەڵەبجە پەیوەندیەیکی پتەوی لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا هەبوو، بەتایبەت یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە بەجێ هەژمونی خۆی دەزانی. ڕژێمی بەعس خەڵکی هەڵەبجەی تۆمەتبار کرد بەوەی کە لە کاتی شەڕی (ئێران-عێراق)هاوکاری هێزەکانی ئێرانیان کردووە. لە ئەنجامدا دانیشتوانی هەڵەبجە، وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی عێراق سەیر دەکرد.( Yildiz،2004، p58). مەبەستی سەرەکی بونی پێشمەرگە لەناوچەی لێکۆڵینەوە، چەند ئامانجێ لەپشتەوە بوو، وەك کەمکردنەوەی ئەو فشارە زۆرە بوو کە سوپای ڕژێمی بەعس دەستی بەشاڵاوی ئەنفال بۆ سەر ناوچە ئازادکراوەکان کرد بوو، بەو پەڕی دڕندەییەوە هەر گوندێکی داگیربکردایە دەیڕوخاند و کانیاوەکانی وشك دەکرد و ڕەزو باخەکانی دەسوتاند و هەرهاوڵاتیەکی کوردی لەوناوچانەدا دەستگیر بکردایە گوللەبارانی دەکرد، هەروەها کەمکردنەوەی ئەو فشارە سەختەی سوپای عێراق بۆ سەر سەرکردایەتی و بارەگاکانی یەکێتی لەسەرگەڵو، بۆیە ئەوکات سەرکردایەتی یەکێتی چەند بەرەیەکی شەڕیکردەوە بۆ سوکردنی ئەو فشارانەی لەسەر هاوڵاتیان و سەرکردایەتیەکەی.( ئەمین،1999،ل144). سەرکردایەتی یەکێتی بڕیاریدا بەهاوپەیمانی لەگەڵ حیزبەکانی تری کوردستان بەهاریکاری ئێران بەشداری لەئازادکردنی هەڵەبجەدا بکات، هاوکات هێزە کوردییەکان هەوڵیاندا ناوچەیەکی ئارام بۆ چالاکییەکانیان دابمەزرێنن. بەڵام دوای ئەوەی ئێران هەڵەبجەی داگیرکرد، جموجۆڵی حیزبە کوردستانیەکانی بەرتەسک کرد.( السامرائي،2006،ل104). لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی (والفجر 10)ی سوپای ئێران و بەرەی کوردستانی بەتایبەت یەکێتی نیشتمانی کوردستان، هێرشیان بۆ سەر پێگەکانی عێراق لە هەڵەبجە و

sjh@univsul.edu.iq

ناوچەکانی دەوروبەری دەستپێکرد، تا 13ی ئازاری ١٩٨٨ ئەم هێزانە هەڵەبجەیان گرت و هێزە عێراقییەکان ناچاربوون پاشەکشێ بکەن، ئەو هێرشە بەشێک بوو لە ستراتیژی گەورەی ئێران بۆ هاتنەناو خاکی عێراق بە پشتیوانی هێزە کوردیەکان.( تۆفیق،2000،ل21). هەروەها ئێران لەناوچەی لێکۆڵینەوە، وێرای ئامانجە سیاسیەکانی، لەرووی سەربازیەوە بریتی بوو، لە ئازادکردنی هەڵەبجە و ناوچەکانی خورماڵ، سیروان، بیارە و تەوێڵە خستنە ژێر دەستەڵاتی سەربازی خۆی و داخستنی ئەو ریگایانەی کە سوپای عێراق بۆ کشانەوەی بەرەو پارێزگای سلێمانی بەکاری دەهێنا، هەروەها فشارخستنە سەر بەغدا بوو لەرێگەی کۆنترۆڵکردنی دەریاچەی دەربەندیخان و کردنەوەی بەرەیەکی دیکە لەدژی عێراق بە پشتیوانی کورد، ئەمەش بۆ کەمکردنەوەی فشارەکانی سوپای عێراق لەبەرەی باشور،مەبەستی (بەسرە و فاو)بوو.( درودیان،1376،ل221). لە سەردەمی شەڕی عێراق و ئێراندا، چوار لایەنی کوردی هاوپەیمانی ئێران بوون بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی هەڵەبجە لە کاتێکدا عێراق سەرقاڵی شەڕی ئێران و هەڵمەتی ئەنفال بوو، کە بووە هۆی بێ سەرو شوێن بوونی 182 هەزار کوردستانی.

لەسەر رۆشنایی و ئەو راستیانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین، دوای ئەوەی هەڵەبجە لەلایەن هێزی پێشمەرگە و سوپای پاسدارانی ئێران ئازادکرا، دانیشتوانی هەڵەبجە خۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕی سەبارەت بە ئازاد بونیان لەدەستی رژێمی عێراق، بەڵام سوپای عێراق نە پەلامارو دڕندایەتی لەشاڵاوی ئەنفال بۆ سەر دانیشتوانی کورد کەمکردەوە، نە سوپاکەی لەناوچەکانی بصرە و فاو لەباشور پاشەکشێ پێکرد، کە مەبەستی ناراستەوخۆی هێرشەکە ئەم دوو هۆکارەبوو، بەڵکو دڕندەی رژێم بەرامبەر نەتەوەی کورد بەگشتی و دانیشتوانی هەڵەبجە بەتایبەت زیاد بوو، ئەمەش بەهۆی بوونی سوپای پاسداران و هێزی پێشمەرگە لەناوچەی لێکۆڵینەوە، هەرچەندە بوونیان درێژەی نەکێشا، رۆڵی هەبوو لە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە وەك تۆڵەسەندنەوەی سوپای رژێم بۆ ئەو هێزانەی هاتبونە ناوچەی لێکۆڵینەوە .

سێیەم: پێکهاتە و ئامێر و کەرەستەکانی جەنگی هێزی چەکداری عێراق

لە سەردەمی رژێمی سەدام حوسێن، سوپای عێراق بەرپرسی یەکەم بوو لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییە گەورەکان، لەوانە جەنگی ئێران و عێراق (1980-1988) و جەنگی کەنداو (1991). هێزە چەکدارەکانی عێراق لە چەند لقێکی سەرەکی پێکهاتبوون، هەریەکەیان رۆڵی جیاوازیان لە پاراستنی ئاسایشی ناوخۆ و هەڵگیرسانی شەڕ و سەرکوتکردنی ئۆپۆزسیۆندا هەبوە، لەوانە وەك پیادە و زرێپۆش و یەکە میکانیکییەکان. لە خوارەوە هەریەك لەپێکهاتە وئامێرەکان دەخەینەروو:-

یەکەم : پێکهاتەی هێزی چەکداری عیراق

لە کۆتایی شەڕی ئێران و عێراقدا، هێزە چەکدارەکانی عێراق یەکێک بوو لە گەورەترین و پڕ چەکترین هێزە سەربازییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست. پێکهاتە و ئامێر و چەکەکانیان رەنگدانەوەی پشتیوانییەکی سەربازی بەرفراوانی سۆڤیەت و فەرەنسی و رۆژئاوا بوو. پێکهاتەی ئەم هێزانە بریتیبوون لە:-

1-سەرباز: هێزە چەکدارەکانی عێراق بەشێوەیەکی بەرچاو بەرفراوان بوون بە یەکێک لەگەورەترین و ترسناکترین هێزە سەربازییەکانی ناوچەکە. لەشکری عێراق تێکەڵەیەک لە هێزی زەمینی و تۆپخانە و پشتیوانی ئاسمانی بۆ

هێرشکردنه سەر پێگەکانی هیزی پێشمەرگە بەکارهێنا. هەموو هەوڵێکی ڕژێمی بەعس لاوازکردنی چەکدارانی کورد بوو کە لەلایەن ئێرانەوە پاڵپشتی دەکران. پێکهاتەی هێزە چەکدارەکانی عێراق لەو سەردەمی ڕژێمی بەعسدا بریتی بوو لە:-

أ-هێزی وشکانی: سوپای عێراق چوارەم گەورەترین سوپای بوو لەسەر ئاستی جیهان، ئەوکات خاوەنی ۹٥٠ هەزار سەربازی چالاک و ٥٠٠ هەزار سەبازی یەدەگ بوو، دابەش بوون بەسەر ٨ فەیلەق، هەر فەیلەقێک بۆچەند فیرقەیەك دابەش بووە، کە بەنزیکەی ٥٠ فیرقە دادەنرێت، لەنێویاندا ٧ فیرقەی پاسەوانی گاردی کۆماری هەبوون، کەهێزێکی مەشقپێکراوی کاریگەر و هێزێکی چالاك بوو، کە بریتی بوون لە یەکەی پیادە و میکانیزەکراو و زرێپۆش.( Cordesman،1994،p25). سوپاکە خاوەنی نزیکەی ٥٥٠٠ تانکی سەرەکی شەڕ و ١٠ هەزار ئۆتۆمبێلی زرێپۆشی شەر و نزیکەی ٤٠٠٠ ئۆتۆمبێلی زرێپۆشی یەدەگ، زیاتر لە ٣٠٠٠ تۆپخانەی دورهاوێژ، خاوەنی سیستەمی موشەکی (Scud) FROG-7تەیار کراو بۆ سەر ڕووی زەوی، بەمەودای تا ٣٠٠ کم، موشەک هاوێژەکانی وەک RPG-7 و موشەکی دژە تانک، لەوانەش سیستەمی (MILAN) – AT-3 Sagger. لەگەڵ جۆرەها چەکی بچووکی وەك قەناس و کلاشنکۆف بیکەیسی ئاربیجی و نارنجۆك هتد... لەخۆگرتبوو، ئەمانە بەبڕبڕەی پشتی هێزە چەکدارەکانی سوپای عێراق بوون، پاسەوانی کۆماری هێزێکی سەربازی هەڵبژێراوی دڵسۆز بوون بۆ سەدام، لەسوپای ئاسایی باشتر مەشقی جۆراو جۆری پێکرابوو. ڕۆڵێکی چارەنووس سازی لە بەرگریکردن لەدەسەڵاتی ڕژیم هەبوو و بە قورسی بەشداری لە ململانێ گەورەکاندا کردووە.( Michael،1990،p48).

ب-هێزی ئاسمانی: خاوەنی ژمارەیەکی زۆر لە فڕۆکەی جۆراوجۆری جەنگی دروستکراوی وڵاتی سۆڤیەت و وڵاتانی ڕۆژئاوا بوو، بەنزیکەی 500فڕۆکەی شەڕکەر و نزیکەی 40هەزار سەربازی هەبوو، خاوەنی بەڕێوەبردنی مووشەکی ڕووکار بۆ ئاسمان و تۆپخانەی دژە فڕۆکە بۆ پاراستنی ئاسمانی عیراق لە هەر هیرشێکی ئاسمانی لەلایەن دووژمنانی عێراق. ئەم فڕۆکانە، بە پلەی یەکەم دروستکراوی سۆڤیەت و فەرەنسا بوون، لەنێویاندا فڕۆکەکانی جۆری (MiG-29، MiG-23، Mirage F1 و ((Scud-22، کە خاوەنی تۆڕێکی بەهێزی بەرگری ئاسمانی بە سیستەمی مووشەکی (SA-2، SA-3، SA-6)ی Roland پارێزرابوو.( Michael،1993،p85).

ج-هێزی دەریایی: ئەمەش هێزێکی بچووکە کە نزیکەی ٥ هەزار کەس دەخەمڵێنرێت، گرنگی بە پاراستنی کەناراوەکانی عێراق و ئاوە سنوریەکانی عێراق دەدات، کەخاوەنی چەندین بەلەمی موشەکی و کەشتی جەنگی بووە، بەڵام توانای سنوردارە بە بەراورد بە هێزە وشکانی و ئاسمانیەکانی سوپای عێراق( Anthony،1989،p62) سەبارەت پێکهاتەی هێزی چەکداری عیراق لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، بریتی بوون لە کەرتی قەزای هەڵەبجە بەرپرسیاریەتی فەیلەقی یەکەمی سوپای عێراق بووە، بەسەرکردایەتی لیوا روکن کامل ساجد، ئەم کەرتە لەلایەن سێ فەیلەقەوە دەپارێزرا، فیرقەی 27 کە ئەرکی پاراستنی سیدسادق و پێنجوێن بەئاراستەی ڕێگەی ناحیەی عەربەتی لە ئەستۆ بوو، فیرقەی 36بە فەرماندەیی عمید روکن جاسم محمد فەرمان کە بەرگری لە زنجیرە چیاکانی شەمێران و بەرەی ڕاستی ڕوباری سیروان کردووە، بەڵام کەرتی سەنتەری هەڵەبجە لەلایەن فیرقەی 43 بە سەرکردایەتی عمید روکن علی حسین عوید العلطاوی دەپارێزرا. لیواکانی پیادە بریتی بوون لە لیواکانی 96، 606، 14، 39، 402، 406، 506، 422، 420، 720، 13، 707، 95، 433. وە لیواکانی زرێپۆش بریتی بوون لە 80، 17، 50، وە لیواکانی میکانیکی بریتی بوون لە24، 27، 46، وە لیواکانی هێزی تایبەت بریتی بوون لە 65، 66، 68.هەروەها

sjh@univsul.edu.iq

لیوای یەکەمی کۆماندۆی فەیلەقی چوارەم، لیوای دووەمی کۆماندۆی فەیلەقی سێیەم و لیوای کۆماندۆی دووەمی فەیلەقی یەکەم. ئەمانەکۆی هێزی عێراق بوون لەناوچەکەدا.( محمود، 2025).

2-فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی-جاشەکان(افواج الدفع الوطني-الجحوش): لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا، پێشمەرگەوخەڵکی کوردستان ناوی جاشیان بەسەر ئەو کۆمەڵە خەڵکەدا بڕی کەچەکیان بۆڕژێمی عێراق هەڵدەگرت وشان بەشانی سوپای عێراق دژی هێزی پێشمەرگە شەڕیان دەکرد.( عثمان ،2005،ل205). دیاردەی جاشایەتی تەنها لەکاتی شۆڕشی گەلی کوردا سەری هەڵنەداوە، دیاردەیەکی جیهانیە و لەووڵاتانەی کە بزوتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی تێدا بونی هەبێت، ڕژێمە داگیرکەرەکان هەوڵدەدەن دەستە و تاقمی چەکداری نارێکخراو (میلیشیا)ی سەر بەنەتەوە ژێردەستەکە پێکبهێنن، بۆئەوەی لەڕوو بەڕووبونەوەی شۆڕشگێراندا هاوکاریی هێزە سەربازیەکەی بکەن. ئامانجی دروستکردنی ئەو هێزە چەکدارە لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە، سیاسی و هەواڵگریی و سەربازیی بوو.( گوڵپی ،2011،ل196). جاش کە بە "فوجەکانی پاراستنی نیشتمانی" ناسراوە، هێزی میلیشیای کوردی هاوپەیمانی ڕژێمی بەعسی عێراق بوون. دەستەواژەی "جاش" لە وشەیەکی کوردییەوە وەرگیراوە، بەڵام بە سووکایەتیکردن بەکارهاتووە بۆ ئاماژەکردن بە هاوکاری کوردەکان بۆ حکومەتی عێراق. ئەم هێزانە لە کورد پێکهاتبوون کە لە لایەن ڕژێمی عێراقەوە زۆرجار لە ڕێگەی زۆرەملێ یان بەڵێنی پاداشتەوە بەکاردەهێنران بۆ شەڕکردن دژ بە شۆڕشگێرەکانی گەلەکەی خۆیان، بە تایبەت هێزی پێشمەرگە کە سەرکردایەتی بەرخۆدانی کوردیان دەکرد.( گوڵپی، 2011، ل197). مەترسیەکە هەر ئەوە نەبوو ئەمانە خزمەتی ڕژێمی داگیرکەری عێراق دەکەن بەڵکو مەترسی گەورە، ئەوەبوو بەشی هەرەزۆری ئەم هیزانە بە بەرنامەیەکی تۆکمە حکومەتی عێراق لەسەر بنەمای خێڵ و هۆز و عەشیرەت دروستی دەکردن و چەکداری دەکردن کە بەو هۆیانەوە چەندین کیشەی کۆمەڵایەتی ڕوویدا، وەك دروست بونی شەڕ لەنێوان عەشرەتی (شەمێرانی و نەوڕۆڵی) و (هارونی و نەمەڵی). ئەمەش ئاسەواری خراپی پێکەوە ژیانی لەناوچەی لێکۆڵینەوەدا دروست کرد.

لەسەر ڕوناکی وئەو ڕاستیانەی سەرەوە دەتوانین بڵێن، دواکەوتوی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری خەڵکی باشوری کوردستان، زەمینەی ناوخۆی بۆ دروستبوونی جاشایەتی ڕەخساند، زەمینەی دەرەکی بۆ دروسبونی ئەو دیاردەیە سیاسەتی فاشیانەی ڕژێمەکانی عێراق بوو، دەیانویست بەکەمترین زیانی خۆیان زۆرترین زیان بەگەلی کورد بگەیەنن. لە چوارچێوەی هەڵەبجەدا هێزەکانی جاش ڕۆڵیان هەبوو لە پاڵپشتیکردنی ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای عێراق بە هاوکاریکردنیان وەک ڕێبەر، زانیاریدەر، یان هێزی یاریدەدەر. ئەوان زانیاری لەسەر شوێنی مانەوە و ژمارەی هێزی پێشمەرگە کۆدەکردەوە و یارمەتی یەکە سەربازییەکانی عێراقیاندەدا لە کاتی هێرشەکانیان بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

دووەم: ئامێر و کەرەستەکانی جەنگی هێزی چەکداری عێراق

هێرشی سوپای عێراق بۆ سەر هەڵەبجە لە ساڵی 1988، لە سەردەمی شەڕی ئێران- عێراق، نموونەیەکی وێرانکەری شەڕی کیمیایی بوو ، لەژمارەیەکی زۆر سەربازی ئاسایی پێکهاتبوون، ئەوان لە شەڕەکانیاندا پشتیان بە تێکەڵەیەک لە چەکی سۆڤیەت و ڕۆژئاوا بەستبوو، لەوانە تانک و تۆپخانە و فڕۆکە. ستراتیژییەکانی ئۆپەراسیۆنی

سـەربازی و چەکی سـەربازی کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسـەر ڕەوتی شـەڕەکە هەبوو. سـوپای عێراق لەوکاتەدا خاوەنی ئەم جۆرە لەپێکهاتەی (ئامێر وکەرەستە)ی جەنگی بوو، بریتین لە:-

1-تـانـک و ئۆتۆمبیلی سـەربـازی: تـانکە سـەرەکییەکـان لەوانە: T-55 (سـوڤیەت)تـانکێکی کـارامە بۆ تـاکتیکە کلاسـیکییەکان بەکارهێنراوە، T-62 (سـوڤیەت)تانکێکی چالاکتر لە T-55، T-72 (سـوڤیەت)تانکێکی بەهێزتر لەوانەی پێشوو، ئەو تۆپەی بەکاردیت 125mm، T69 تانکێکی چینیە، زۆر بەکارهێنراوە لەشەڕەکانی نێوان عێراق-ئێران. ئۆتۆمبیلی سەربازی لەوانە: BMP-1 و BMP-2 (سوڤیەت)ئەم ئۆتۆمبێلە بۆ بەرگری بەکاردێت، BTR-60 و BTR-80 (سـوڤیەت)ئۆتۆمبێلی گواسـتەوەی سـەرباز و بەرگری، BRDM-2 (سـوڤیەت)ئۆتۆمبێلی بەهێزە لە شەڕەکان توانای ڕێکردنی لە ناوچە جیاوازەکاندا بەرزە.( Cordesman،1990،p207).

2-فڕۆکە و هەلیکوپتەرە جەنگییەکان: فڕۆکەکان لەوانە: MiG-21، MiG-23، MiG-25، MiG-29 (سـوڤیەت) بۆ شـەڕی ئاسـمانی، Su-22 و Su-25 (سـوڤیەت) بۆمباران و هێرشـکردن، Mirage F1 (فەڕەنسـا)ئەم فڕۆکەیە توانـایەکی بەرزی هەیە لە بۆمبـارانکردن و هێرش بردنـدا. هەلیکوپتەرەکـان لەوانە: Mi-24 Hind (سـوڤیەت)بۆ هێرشـی و بەرگری، Gazelle (فەڕەنسـا)خێرا و کارامەیە بۆ گواسـتەوەی بەرز، Mi-8 (سـوڤیەت)بۆ گواسـتنەوەی سەربازان.( Pollack،2002،p321).

3- تۆپخانە و ڕاکێتەکان: لەوانە D-30 Howitzer (سـوڤیەت) تۆپخانەی122mm،2S1Gvozdika (سـوڤیەت) تۆپخانەی ئۆتۆماتیکی، BM-21 Grad (سوڤیەت)ڕاکێتی کاتیوشا.

4- مووشـەک وچەکە دورمەوداکان: لەوانە Scud-B (سـوڤیەت) مووشـەکی دورمەودا، Al-Hussein (تایبەتی عێراق)گەورەکراوی Scud، Exocet (فەڕەنسـا)مووشـەکی دەریایی دژە کەشـتی، Silkworm (چین) مووشـەکی دەریایی دژە کەشتی.

5- چەکە گازیەکان: عێراق چەندین جۆری چەکی کیمیاویی بەکارهێناوە، بەتایبەتی لەقەزای هەڵەبجە و شـارەکانی باشووری کوردستان دژی خەڵکی سڤیل و سوپای ئێران و هێزی پێشمەرگەی کوردستان: بەتایبەت گازەکانی (گاز خردل (Mustard Gas) و سارین Stockholm International ).(VX،1988،p98).

1-ئامێری بەکارهاتوو لە هێرش بۆ سەر هەڵەبجە

ڕژێمی بەعس بە پلانێکی داڕێژراو لەگەڵ ویرانکردنی کوردسـتان و بە خاپورکردنی زیاتر لە (4)هەزار گوند و سـوتـاندنی ڕەزو بـاخەکان و تیکدان و پرکردنەوەی سـەرچاوە ئـاویەکان تـا ئەوەی لە1988/3/16بە هۆی فڕۆکە جەنگیەکانەوە بۆردومانکردنی ناو هەڵەبجە و دەوروبەری، بە ناپاڵم و بۆمبی جۆراو جۆر چەکی کیمیاویی بەکارهێنا.( مستەفا،2013،ل17). هێرشکردنە سەر هەڵەبجە، هێزە چەکدارەکانی عێراق کۆمەڵێک کەرەستەی سەربازی ئاسایی لە پاڵ چەکی کیمیایی بەکارهێنا، ئەمەش بریتی بوو پێکهاتە وئامێر وچەکی هێزە چەکدارەکانی عێراق، چەکی سـوك وەك كلاشـنكۆف، ئـاربیجی، بیکەیسـی، دۆشـکە، نـارنجۆك، چەکی قورس وەك هـاوەن، تۆپ، ڕاجیمە، تـانك و زرێپۆش..هتد، هەروەهـا فڕۆکەی هێزی ئـاسـمـانی عێراق چەنـدین جۆری فڕۆکەی بەکـارهێنـاوە وەك: MIG-23 فڕۆکەی جەنگی دروسـتکراوی سـۆڤیەت کە توانـای گەیـانـدنی بۆمبی کیمیـایی هەیە، فڕۆکەی جۆری میراج F1

دروستکراوە فەرەنسی بۆ هەردوو بۆردومانی ئاسایی و کیمیایی لە هەڵەبجە بەکارهاتووە، هەروەها هێلیکۆپتەر بۆ گواستنەوەی سەرباز و کەلوپەلی جەنگ وکاری سیخوری(مخابەرات)و ڕشاندنی مادده کیمیاییەکان بەکاردێت . هەروەها بە هۆی بونی تۆپ وموشەک و بۆمبی ئاسایی و ناپاڵم و چەندین بنکە و سریەی سەربازی لە ناوچەکەدا بە تایبەت سەربازگەی گوندی دەڵەمەڕ دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی هەڵەبجە، ئەم سەربازگەیە ناسرابوو بە تۆپخانەی دەڵەمەڕ، دەور و کاریگەری زۆری هەبوو لە تۆپبارانی هێزی پێشمەرگە و سوپای ئێران پێش کیمیابارانی هەڵەبجە، سوپای عێراق سودی بینی لە هێزی دەریایی بۆ گواستەوەی ئەو سەربازانەی لەکاتی هێرشی سوپای پاسداران بۆ سەر هەڵەبجە پاشەکشێیان کرد، گواستنەوەیان بۆ ئەوبەری ڕوباری سیروان، جگە لەمانەش چەندین ئامێری سەربازی کە بۆ ڕێگاوبان دروستکردن وەك شۆفڵ و گرێدەر وگەڵابە و تەنکەری ئاو، وە پێداویستی پزیشکی وەك اسعاف و داودەرمان لەناوچەکەدا بونیان هەبووە. هەروەها ئامێر و چەکی هێزی پێشمەرگە زیاتر جۆری چەکەکان سادە بوون (کلاشنکۆف، ئارپیجی، بیکەیسی، نارنجۆك)بووە بە شێوەیەکی زۆر کەم، پێکهاتەو ئامێری بەکارهاتوو لەلایەن سوپای پاسداران (تۆپی دورهاوێژ، ڕاجیمە، هاوەن...هتد)کە لەخاکی ئێران ڕۆژانە پێگەکانی سوپای عێراقی لە ناوچەی لێکۆڵینەوەی کردوەتە ئامانج، جگە لەچەکی سوك وەك کلاشنکۆف و بیکەیسی و ئارپیجی..هتد و پێداویستی تەندروستی و بە داودەرمان و ئۆتۆمبێلی ڕێگاوبان بۆ دروستکردنی ڕێگا لەناوچە بەرزایەکانی دەوروبەری هەڵەبجە پێش هێرش بردن. لە سەردەمی جەنگی عێراق و ئێراندا لەلایەن ژمارەیەکی زۆر فەرماندە و سەربازی ئاسایی بەکارهاتبوون. سوپای عێراق و ئێران بە تێکەڵەیەک لە چەکی سۆڤیەت و ڕۆژئاوا پاڵپشتکرا بوون، چەکی سادەی زەمینی لەلایەن سەربازەکان بەکارهاتوون لەکاتی هیرشکردن و بەرگری کردن.( غالی، 2024). وەك لەوێنەی ژمارە (6) لە پاشکۆخراوەتەڕوو، بەشێك لەو ئامێرو کەرەستە سەربازیانەی لە هێرش بۆ سەر هەڵەبجە بەکارهاتوون، ئێستا لە مۆنۆمێنی هەڵەبجە، بەشی مۆنۆمێنتی جەنگ ئەو کەرەستەو ئامێرانەی ئەرشیف کراوە، ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك و گەشتیار سەردانی مۆنۆمێنتی هەڵەبجە دەکەن، وێنە لەگەڵ ئەو ئامێرە سەربازیانە دەگرن ڕۆژانێك بوو خەڵکی سڤیلی هەڵەبجەی پێ شەهید دەکراوە بەڵام ئەمڕۆ نەوەکانیان وێنەی لەگەڵ ئەو ئامیرە بەجێماوە سەربازیانە دەگرن.

2-چەکی قەدەغە کراوی جیهانی و سەرچاوەی دابینکردنی بۆ حکومەتی عێراق

چەکی کیمیاویی بریتی یە لەو چەکانەی کەمادەی کیمیاویان تێدایە و لەشەڕەکاندا بەمەبەستی کوشتن یان بۆ لەکارکەوتنی مرۆڤ و گیانلەبەرانە بەکاردەهێنرێت، لەڕیگەی چونە ناوجەستە وەك هەڵمژین، خواردن، یاخود لەڕێگەی بەرکەوتنەوە بیت.( کاکە خان،2009،ل12). ئەم مادەکیمیاویانە گازین یان شلن و خێرا دەبن بەهەڵم زۆربەکەمی جۆری ڕەقیان هەیە. لەهەوادا دەتەقێنرێت، سود لە ئاراستەی با دەبینرێت بۆ بڵاوکردنەوەی ژەهرەی گازەکە، یاخود دەخرێتە سەر زەوی، بە پرژاندن بێت ڕاستەوخۆ یان لەڕێگەی فڕۆکەوە لەبەرزایەکی کەمەوە یان لەشێوەی بۆمبدا.( مستەفا، ، 2013، ل35). لە جەنگەکاندا بۆ ڕێگری لە پێشرەویەکانی دوژمن و سەپاندنی سنوور بەسەر جموجۆڵی سەربازەکان و تێکدانی شەڕە ستراتیژییەکان بەکاردەهێنرێت، بەکارهێنانی ئەم چەکانە ترس و سەرلێشێواوی و لەدەستدانی توانای سەربازەکان لە بەرەکانی شەڕدا دروست دەکات. سەبارەت بەو گازانەی لەهێرشکردنە سەر هەڵەبجە بەکارهاتوون، بریتین لەگازەکانی ( خەردەل،ئەعصاب، سارین ، تابۆن، ڤی ئێکس)، لێرەدا بە کورتی ئاماژە بۆ هەریەك لەو گازانە دەکەین:-

sjh@univsul.edu.iq

1-گازی خەردەل- موستارد: ئەم گازە لە جەنگی جیهانی یەکەمدا، ئیتاليا دژی ئەسیوپیا، ژاپۆن دژ بە چین، عێراق دژ بە ئیران و کوردەکان لە کیمیابارانی هەڵەبجەدا بەکارهاتووە، ناوی زانستی: (Bis(2-chloroethyl) sulfide، شێوگی کیمیایەکەی: C4H8C125، تایبەتمەندیەکانی هەرچەندە ڕەنگی نییە، بەڵام کاتێک لەگەڵ مادەکانی تر تێکەڵ دەکرێت، قاوەیی دەبێت و بۆنێکی هاوشێوەی سیری هەیە، ئەم گازە سوتێنەرو بڵقێنەری بەهێزە، لە کەش وهەوای گەرم و شێدار زیانی زیاترە، کاریگەریەکەی لەسەر پێست زیاترە، لە ڕێگەی هەڵمژینی ئەم گازە ئەبێتە هۆی کۆکە و هەوکردنی سییەکان و نەخۆشی درێژخایەنی سنگ و ڕەنگە سەرئەنجام ببێتە هۆی مردن. ئەم گازە دەکرێت بەدوو بەشەوە، ئەوانیش خەردەلی گۆگرد و خەردەلی نایترۆجین، دەبێتە هۆی مەترسی شێرپەنجەی درێژخایەن لەسەر بەرکەوتوان.( قەرەداغی ،2009،ل231).

2- گازی ئەعصاب- دەمار: ئەم چەکە بۆ یەکەمجار لە ئەڵمانیا بەرهەم هێنرا، جۆرێکە لەجۆرەکانی گازی کیمیایی و لە بەناوبانگترین چەکە کیمیاویەکانە، ناوی زانستی (Organophosphates) شێوگی کیمیاوی ($GD: C_7H_{16}FO_2P$)، تایبەتمەندیەکانی شێوازی کارکردنی لەسەر مرۆڤی بەرکەوتو بەهۆی لەکارخستنی ئاماژە دەماریەکانەوەیە لە کۆئەندامی دەمارەوە بۆ هەموو لەش، ئەم گازە بە ئاسانی بڵاودەبێتەوە، گازێکی ژاهراویە و کاریگەریەکەی خێرایە لە ڕێگەی پێست و هەناسەدانەوە، لە نیشانەکانی ئەم گازە دەبێتە هۆی ئارەق کردنەوە و ڕژانی میز و لیك لە هەناسەداندا و هەروەها کاریگەری لەسەر تێك چونی عەقڵی و لەبیرچونەوەی بەرکەوتوو دەکات.

3-گازی سارین: ئەم گازە زۆر ترسناکە و کاریگەری لەسەر دەمار هەیە و لە زۆر جەنگدا بەکارهاتووە، بەتایبەت جەنگی عێراق-ئێران، لە دژی سوپای ئێران و لە هەڵەبجەیش بەکارهاتووە. ناوی زانستی: ( O-Isopropyl methylphosphonofluoridate)، شێوگی کیمیایی:C4H10FO2P، تایبەتمەندیەکانی شلەیەك یان هەڵمێکە بێ ڕەنگ و بێ بۆن لەباری ئاساییدا بەڵام لەگەڵ مادەی تر تێکەڵ بکرێت بۆنی میوەی گەنیو دەدات، بەرکەوتو توشی شەلەل دەماغ و سوتان و لەناوبردنی خانەکانی پێست دەکات، لەماوەی یەك خولەك دەبێتەهۆی مردنی بەرکەوتو، لە ئاودا بەباشی دەتویتەوە، لەپلەی گەرمی (147س°)دەکوڵێت و لە پلەی (-56س°)دا دەبیەستێ، مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم گازە زۆر مەترسیدارە، چونکە دەبێتە هۆی داخورانی کەلوپەلی بەکارهاتوو.( بەرزنجی ،2001،ل90).

4-گازی تابون: یەکێکە لەجۆرەکانی گازی دەمار، لەجەنگی جیهانی دووەم لەلایەن ئەڵمانیاو ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەتی جاران لە جەنگی عێراق-ئێران دژی سوپای ئێران هەروەها لە دژی هەڵەبجە بەکارهێنراوە.ناوی زانستی: (O-Ethyl N,N-dimethylphosphoramidocyanidate)، شێوگی کیمیایی: C5H11N2O2P، تایبەتمەندیەکانی ئەگەر پاك بێت شلەیەکی بێ ڕەنگ یان دەروات بەلای قاوەییدا، ئەگەر پیس بێت بۆنی ماسی لێدێت، یەکێکە لەگازە خنکێنەرەکان و لە هەموو ڕێگاکانی لەشەوە هەڵدەمژرێت و کاردەکاتە سەر دەمار، زۆر بەکەمی لە ئاودا دەتوێتەوە، لەپلەی گەرمی (426س°)دەکوڵێت و پلەی بەستنی (-49بۆ50س°)دەبیەستی. لە نیشانەکانی بریتین لە پیسایی و میز بەخۆداکردن، کەف کردن و لیك ڕشتنێکی ئێجگار زۆر، لەرزینی ماسولکە و گەشکە وەستانی هەناسە تا بورانەوە و مردن، هەروەها کاریگەری لەسەر چاوی بەرکەوتوو، لەگەڵ تێك چونی عەقڵی و لەبیرچونەوە دەکات.( مهندیس ،2012،ل193).

5-گازی ڤی ئێکس(VX): یەکێکە لەو گازانەی کاردەکاتە سەر دەمار و لەزۆربەی جەنگەکاندا لەلایەن سوپای عێراقەوە، لەجەنگی عێراق-ئێران، دژی ئێران و هەڵەبجە بەکارهاتووە، ڕژێمی بەعس بڕێکی زۆری لەم گازە بەنزیکەی 4 تەنی بەرهەم هێنابوو لەماوەی سالانی (19980-1990)، ناوی زانستی: (-2)-O-Ethyl S diisopropylaminoethyl)، شێوگی کیمیایی: C11H26NO2PS، تایبەتمەندیەکانی شلەیەکی چەوری سەوزە، بۆنی نیە یان کەمە لە ئاویتەی کبریتی ئەندامی دەچێت، زۆر بەکەمی لە ئاودا دەتوێتەوە، پلەی گەرمی (298س°)دەکوڵێت و لەپلەی بەستنی (-30س°)دەیبەستێ، ئەم گازە لە هەموو جۆرەکانی تر ژاهراویتر و کاریگەر ترە، دیارترین نیشانەکانی ئاوکردنی لوت، توندبونی سنگ و هەناسەدان، ئازاری چاو، هەناسە سواری و کۆکە، ئارەقکردنی زۆر، هێڵنج و ڕشانەوە و سکچون، گێژی و خۆڕانەگرتن، لەگەڵ وەستانی هەناسە و بورانەوە و مردن.( حیدەر ،2006،ل115). سەبارەت بەو وڵاتانەی هاوکاری عێراق کردوە لەڕوی چەکی کیمیاویەوە، نوسەر حەمەی حمە سعید لە کتێبەکەیدا بەناوی گازبارانی هەڵەبجە دەڵێت، عێراق (11) دامەزراوەی گەورەی دروستکردوە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو چەکانە، هەروەها ئاماژە بۆ کۆمپانیا ئەڵمانییەکان دەکات کە شەش کارخانەی چەکی کیمیاویان لە سامەرا دروست کردووە، و زۆرێک لە وڵات و کۆمپانیا دیکە بە شێوەیەکی فەرمی یان نا فەرمی لە دابینکردنی ماددەی خام بۆ جێکردنەوەی لەناو گولە و سـاروخ و ناپاڵم یان بەرهەمی چەکی کیمیاوی بۆ ڕژێمی پێشوی بەعس یارمەتیدەر بوون.( حمە سعید، 2014، ل136). یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو لەساڵی1972 ڕێکەوتنی دۆستایەتی و هاریکاری لەگەڵ حکومەتی ئەوکاتی عێراق مۆر کرد، لەناوەڕاستی حەفتاکان کارگەیەکی ئەتۆمی بۆ دابین کرد و قەرزیکی 26ملیار فرنکی فەرەنسی دایە، هەروەها بەریتانیاش لەساڵی 1988دا 250ملیۆن پاوەنی ئیسترلینی وەك قەرز بۆ عیراق تەرخان کرد.( مەلائەمین ،2002،ل7). سەبارەت بەو وڵاتانەی سەرچاوەی دابینکردنی چەکی کیمیاویی بوون بۆ حکومەتی عێراق، وەك لەخشتەی ژمارە (2)خراوەتەڕوو.

خشتەی ژمارە(2)

ئەو وڵاتانەی سەرچاوەی دابینکردنی چەکی کیمیاویی بوون بۆ حکومەتی عێراق

| ناوی وڵات | ژمارەی کۆمپانیا | ناوی وڵات | ژمارەی کۆمپانیا |
|---|---|---|---|
| ئەڵمانیا | 86 | مۆناکۆ | 2 |
| بەریتانیا | 18 | بەرازیل | 1 |
| نەمسا | 17 | میسر | 1 |
| ئەمریکا | 18 | یۆنان | 1 |
| بەلجیکا | 8 | هیند | 1 |
| فەرەنسا | 16 | یابان | 1 |
| ئیتالیا | 12 | جیرسی | 1 |
| سویسرا | 11 | پۆڵۆنیا | 1 |
| ئەرژنتین | 3 | سوید | 1 |
| ئیسپانیا | 14 | -- | -- |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:- (زەهاوی، 1992، ل58).

sjh@univsul.edu.iq

ئەگەر سەیری خشتەی(2)بکەین بۆمان دەردەکەوێت، کە ژمارەیەکی زۆر لەو کۆمپانیانەی کە هۆکاربوون بۆ پرچەکردنی ڕژێمی پێشووی عێراق، زیاتر لە 196کۆمپانیای جۆراوجۆر لە 19وڵاتی جیهانیەوە کەرەستەی چەکی کیمیاییان بە عێراق فرۆشتوە. بەسەرنجدانمان بۆ ئەو وڵاتانەی چەکی کیمیایان بە عێراق فرۆشتوە، تەنها یەك وڵاتی عەرەبی تێدایە، ئەویش وڵاتی میسرە واتە 18وڵاتیان ئەوروپیە و لە پێشکەوتوترین وڵاتانی جیهانن. ئەمەش ئەو ڕاستیەمان بیردەخاتەوە کە جگە لەدەوڵەتی عێراق و ئەو وڵاتانەشی کەناویان لەم لیستەدا هەیە، بەرپرسیارێتی مێژووی و ئەخلاقی و یاساییان دەکەوێتەسەر، لەڕوی سزایی و قەرەبوی مادیی و مەعنەویی زیان لێکەوتوانی خەڵکی هەڵەبجە.

لەسەر ڕوناکی ئەو ڕاستیانەی سەرەوە دەتوانین بڵێن، تێکەڵەی ئەم گازانە لەکاتی هێرشی کیمیاویی بۆ سەر هەڵەبجە کاریگەری ترسناکی کردە سەر ژیانی مرۆڤ و گیانلەبەران و ڕووەك، گازی خەردەل کاریگەری درێژخایەنی لەسەر پێست و سییەکانی مرۆڤی بەرکەوتوو دروستکرد، لەکاتێکدا ماددە دەمارییەکانی وەك سارین و تابون و ڤی ئێکس، کاریگەریان لەسەر گرژبونی ماسولکەکان و ئیفلیجی و دواتر مردنی بەرکەوتوان هەبوو، وەك لە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ (عبدلقادر، 2025) بەرکەوتوی چەکی کیمیاویی ئاماژەیان بۆ کرد. لەکاتێکدا ئەم مادە کیمیاویانە بەپێی یاسا نێودەوڵەتیەکان قەدەغەکرابوون، بەڵام بەکارهێنانی لەلایەن ڕژێمی بەعس دەرهەق بە دانیشتوانی سڤیلی هەڵەبجە پێچەوانەی هەموو یاسا نێودەوڵەتیەکان بوو.

**ئەنجام**

لە کۆتای ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە.

1-پێگەی جوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوە، یارمەتیدەر بوون بۆ هێرشی پاتی زانی لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرامبەر سوپای ڕژێمی بەعس، چونکە لە سێ لاوە دەورە دراوە بە زنجیرە شاخەکانی (هەورامان، شنروێ، باڵامبۆ)، وای کردوە هەمیشە ناوچەیەکی لەباربێت بۆ شۆڕش، خۆحشاردان، هاتووچۆکردن، هەروەها هاوسنورە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەمەش وایکرد بوو حکومەتی بەعس بە چاوی گومانەوە لە خەڵکی ئەم ناوچەیە بڕوانێ، چونکە دانیشتوانەکەی تۆمەتبارکرا بوون بە هاوکاریکردنی هێزی پێشمەرگە و سوپای پاسداران.

2- تۆپۆگرافیای ناوچەی لێکۆڵینەوە، بەفاکتەرێکی سروشتی ئەرێنی دادەنرێت بۆ پاریزگاری کردنی دانیشتوان لەکاتی دەرچونیان بۆ خۆپارێزیان لەگازی بۆمبە کیمیاویەکان لەکاتی هێرشی ئاسمانی سوپای بەعس بۆ سەر هەڵەبجە، ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر کەمی ژمارەی قوربانییەکان هەبووە.

3- هەڵەبجە ناوچەیەکی کوردنشینە، ڕژێمی بەعس لە ڕێگەی توندوتیژییەوە ناسنامە و بەرخۆدانی کورد، بە بەکارهێنانی جوگرافیا بۆ پەراوێزخستنی ئەم ناوچەیە، هەروەها هەڵەبجە یەکێك بوو لەو قەزایانە کە دور بوو لە دەستەڵاتی ناوەند، ویستی حکومەتی بەعس وابوو لە ڕێگەی بۆمبی کیمیاوییەوە ژیان لە هەڵەبجەدا بوەستێنی، ئاسانتر توندوتیژی و جینۆسایدکردن بەبێ چاودێری نێودەوڵەتی ئەنجام بدات.

4- کەشوهەوا لە ڕۆژی 1988/3/16 زۆر لە باربوە بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی، بە هۆی ساماڵی ئاسمان و هێمنی با و نەبونی باران و بەرزی ڕێژەی شێ لەو ڕۆژەدا، بونی بەرزی ڕێژەی شێ ئەویش پرۆسەکە لە کۆتایەکانی

sjh@univsul.edu.iq

وەرزی زســتاندا بوە، بەهۆی ســامالّی ئاســمان یارمەتی فڕۆکەکانی داوە ئامانجە دیاریکراوەکانیان بەچەکی کیمیاوی بپێکن، هەروەها نەبونی باران و بەرزی ڕێژەی شێ بونی تیشکی خۆر بە هۆی سامالّی ئاسمان لەو ڕۆژەدا کاریگەری خراپی هەبوو لەســەر هاولاتیان، چونکە بەرزی ڕێژەی شــێ و دوکەڵی پاشــماوەی چەکە کیمیاویەکان پیکەوە کاریان کردوەتە سەر کەم بونەوەی توانای هەناسەدان، ئەمەش بە شیوەیەکی خراپ کاریگەری هەبوە لەسەر گیان لە دەستدانی هاولاتیان.

5- هێرش بۆ ســەر هەڵەبجە بە بۆمبی کیمیاویی، بەهۆی تێکەڵەیەک لە ململانێی ناوچەیی و ســەرکوتکردنی نەتەوەیی و ســـتراتیژی بەرفراوانتری حکومەتی عێراق بوو، بۆ پاراســـتنی یەك پارچەی خاکی عێراقی بە زۆر لێکێندراو بە یەکەوە و کۆنترۆڵکردنی لەڕێگەی ترس و توندوتیژیەوە.

6- بەهۆی پاڵپشتی وڵاتانی ناوچەیی و جیهانی لە ڕووی مادی و مەعنەویەوە بۆ سوپای عێراق لەوکاتەدا، هاوکار بوو بۆ بەکارهێنانی قەدەغەترین چەکی کۆکوژی دژ بە خەڵکی مەدەنی و خەڵکانی سەربازی لە بەرەکانی جەنگدا.

7- ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق بە هۆی زەوتکردنی مافی نەتەوەیی کورد، هەمیشــە پەیوەندی نێوان کورد و حکومەتی عێراق لە باری توند و تیژی و شەڕدا بووە، بەتایبەت لەسەردەمی ڕژێمی بەعس، کاتی ڕژێمی بەعس بینی هێزە کوردییەکان بە هاریکاری ســوپای پاســداران دژی ریژێمی بەعس دەجەنگن، زەمینەکە گونجاو بوو بۆ لێدان و بەکارهێنانی چەکی کیمیاویی دژی پێشمەرگە و هاولاتیانی کوردستان.

8- هێزەکـانی جـاش و بە کرێگیراوان ڕۆڵیـان هەبوو لە پـاڵپشـــتیکردنی ئۆپەراســـیۆنەکـانی ســـوپـای عێراق بە هاوکاریکردنیان وەک ڕێبەر، زانیاریدەر، یان هێزی یاریدەدەر. ئەوان زانیاری لەســـەر شـــوێنی مانەوە و ژمارەی هێزی پێشـمەرگە یان کۆدەکردەوە و یارمەتی یەکە سـەربازییەکانی عێراقیاندەدا لە کاتی هێرشـەکانیان بۆ سـەر بنکە و بارەگاکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

9- تێکەڵەی ئەم گازانە لەکاتی هێرشــی کیمیاویی بۆ ســەر هەڵەبجە کاریگەری ترسـناکی کردە سـەر ژیانی مرۆڤ و گیانلەبەران و ڕووەك، گازی خەردەل کاریگەری درێژخایەنی لەســـەر پێســـت و ســـییەکانی مرۆڤی بەرکەوتوو دروستکرد، لەکاتێکدا مادده کوشندەکانی وەك سارین و تابون و ڤی ئێکس، کاریگەریان لەسەر گرژبونی ماسولکەکان و ئیفلیجی و دواتر مردنی بەرکەوتوان هەبوو، لەکـاتێکـدا ئەم مـاده کیمیـاویـانە بەپێی یـاســـا نێودەوڵەتیەکـان قەدەغەکرابوون، بەڵام بەکارهێنانی لەلایەن ڕژێمی بەعس دەرهەق بە دانیشـتوانی سـڤیلی هەڵەبجە پێچەوانەی هەموو یاسا نێودەوڵەتیەکان بوو.

10- ڕێگاکانی هاتوچۆ و هۆکارەکانی گواستنەوە لەو کاتەدا شیاو نەبوون بۆ دەربازبونی هاولاتیانی هەڵەبجە، بە هۆی خراپی ڕێگـاوبـانەکـان، کە زۆربەی ڕێگـاکـان ڕێگـای خۆڵ بون، جگە لەوەی هۆکـارەکـانی گواســـتنەوە هۆکـاری پێشکەوتوو نەبوون، بۆیە گاریگەریان لەسەر زۆری ژمارەی قوربانیەکان و بریندارەکان هەبووە.

11- کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بەپلانێکی پێش وەختەی ســەربازی بوە لەلایەن ڕژێمی پێشـوو، چونکە زانراوە شـوێنە قەرەباڵخەکانی ناو هەڵەبجە وەك ژێرزەمینەکان دەکەونە کام گەڕەکانەوە، ئەو گازانە بەکارهاتوون کە توانای نیشـتنیان

sjh@univsul.edu.iq

هەیە لە شـوێنە نزمەکان، لە دەرەوەی هەڵەبجە سـود وەرگیراوە لە ئاراسـتە و خێرای با بەتایبەت ئەو گازانەی کە لە هەوا سوکترن و توانای بڵاوبونەوەیان هەیە.

12- کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، بە پێوەری یاسـایی جینۆسـایدە چونکی ئامانجی ڕژێمی پێشـوی عێراق لە ناوبردنی گروپێکی نەتەوەی بوە، ئەویش دانیشتوی هەڵەبجەیە کە لە نەتەوەی کوردن.

13- ئێران تەرەفێکی سەرەکی شەڕەکە بوو بە هۆی پێشێلکردنی سنوری عێراق و هاتنە ناوخاکی عێراق بە هاوکاری هێزی پێشـمەرگەی کوردسـتان بەڵام لەهەمانکاتدا هاوکارییە مرۆییەکانی ئێران، بەتایبەت بە دەمەوە چونی سـوپای ئێران و گواستنەوەی بریندارەکان بەکۆپتەر نەبوایە زیانەکان دوهێندە دەبوون.

## ڕاسپاردەکان

1- کارکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان بۆ ناساندنی کەیسی کیمیاباران کردنی هەڵەبجە بە جینۆ ساید لە لایەن پەرلەمانی عێراقەوە، ئەمەش یارمەتی دەر دەبێت بۆ :

أ- قەرەبووکردنەوەی مادی دانیشتوانی هەڵەبجە.

ب- قەرەبو کردنەوەی مەعنەوی دانیشتوانی هەڵەبجە.

ج- ئاوەدانکردنەوەی قەزای هەڵەبجە.

2- کارکردنی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان و حکومەتی فیدراڵ لە ڕێگای وەزارەتی شـەهیدان و ئەنفالکراوان و پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان و دامەزراوەی شـەهیدان و وەزارەتی دەرەوەی حکومەتی عێراق بۆ بە جینۆسـاید ناسـاندنی کەیسـی کیمیابارانی هەڵەبجە لە ئەنجومەنی ئاسـایش و دادگای دادی نێودەوڵەتی و پەرلەمانی ولاتانی زلهێزی جیهان. بەمەبەستی :

أ- قەدەغەکردنی تەواوەتی و ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی ئەم چەکە لە ئایندەدا لەژێر هەرناوێکدا بێت بەرامبەر هەر گەل و بزوتنەوەیەکی شۆرشگێری دیکە.

ب- بەکارهێنانی زیاتری ئەم کەیسە لە خزمەتی دۆزی کورد و سەربەخۆیی کوردستان.

3- پاکردنەوەی هەڵەبجە لە ئەگەری بۆمبی نەتەقیو، دارو پەردووی وێرانکارییەکانی ڕژێمی پێشـوو و بە تایبەت لە ئەگەری مانەوەی هەندێك لە گازە خنکێنەرەکان لەژێر داروپەردووی خانوەکان لەلایەن وەزارەتی شارەوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەوزترکردنی هەڵەبجە.

4- دروسـتکردنی ناوەندێکی تەندروسـتی تایبەت بە چارەسـەرکردن و لێکۆڵینەوە لە لایەن وەزارەتی تەندروسـتی بەمەبەستی لێکۆڵینەوەکردن لەسەر ئەنجامە تەندروستییەکانی بەرکەوتوانی چەکی کیمیاوی.

5- دروستکردنی ناوەندێکی تایبەت بە ڕاهێنانی دەروونی بەرکەتوانی چەکی کیمیاوی.

6- دروستکردنی ناوەندێکی ئەکادیمی تایبەت بە لێکۆڵینەوەکردن لە پسپۆرییە جیاوازەکان لەسەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی، بەمەبەستی ئەنجامدانی لیکۆڵینەوەی زانستی لەسەر ئەم چەکە و دەرئەنجامەکانی.

7- جێکردنەوەی وانەی کیمیابارانی هەڵەبجە لە پرۆگرامەکانی خوێندن لە حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم، بەمەبەستی زیندو هێشتنەوەی کیمیابارانی هەڵەبجە لە یادەوەری هاولاتیانی عێراقی و رێگریکردن لە دووبارەکردنەوەی لە لایەن حکومەتی عێراقەوە.

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم: سەرچاوە کوردیەکان**


1.حداد ، هاشم یاسین حمدامین ، ئەوانی تر، 2009، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستان وعێراق وجیهان، چاپی یەکەم، هەولێر.

10.عبدوڵڵا، سەروەت، زانکۆی هەڵەبجە، 2012، هەڵەبجە-شارێك لە ئامێزی گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا، ماڵپەڕی https://halabjagcm.com

11.عثمان، مەلا مەحمود، 2005، شۆڕشی ئەیلول، چاپی یەکەم، پخانەی منارە، هەولێر.

12.علادين، رنج، 10-9-2020، الحرب بين العراق والإيران سترسم معالم المنطقة للعقود, سەردانیکردن1-3-2025 https://www.brookings.edu/ar/articles

13.عوسمان, محمود,2015, کورد و عێراق لەسەدەی بیستدا، چاپی سێیەم، دارالكتب العربية،بغداد، عێراق.

14.فازل زەهاوی، 1992، گۆڤاری سیاسەتی دەولی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە7ی ساڵی دووەم، تشرینی یەکەم.

15.فتح الله، سفین جلال، 2014، بنچینەوبنەماکانی زانستی جوگرافیای سیاسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، هەولێر.

16.قەرەداغی، ناصح، 2009، هەرەشە بایەلۆژی و کیمیاویەکان، زانستی سەردەم، ژمارە(37)، سلێمانی.

17.کاکە خان، خلیل حسن، 2009، چەکی کیمیاوی و کاریگەری لەسەر مرۆڤ و گیانلەبەر، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد، هەڵەبجە.

18.گوڵپی، فایەق محمد، 2011 ، لەکوردایەتیەوە بۆ دابەشکردنی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.

19.مایکێڵ کیلی، 2013، هەڵەبجەو ئەنفال لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی ئەمریکا، وەرگێرانی: وریا رەحمانی، چاپی یەکەم.بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر.

2.بەرزنجی، صدیق شیخ محمود، 2001، کاریگەری مرۆڤ لە ژینگە پیسکردندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی صلاح الدین، هەولێر.

20.محمدئەمین، هاوڕێ یاسین، 2015، دەروازەیەك بۆ جوگرافیای سیاسی و جیۆپۆلۆتیك، چاپخانەی تاران،چاپی دووەم، تاران.

21.محمود،هۆشمەند عطا، ئامادەکاریەکانی ئێران بۆ داگیرکردنی هەڵەبجە و کاردانەوەکانی عێراق، کۆنفرانسی نێودەوڵەتی زانکۆی هەڵەبجە، 2025/12/21.

22.مستەفا، سەعید بەشیر، 2013، رەهەندە نێودەوڵەتیەکانی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی، چاپی یەکەم، سلێمانی.

23.مهندیس، نەوزاد، 2012، چەکی کیمیاویی، زانستی سەردەم، ژمارە(50)، سلێمانی.

24.مەلائەمین، هاوژین، 2002، سەرهەڵدانی چەکەکیمیاییەکان و هەندێك لە قوربانیانی هەڵەبجە، گۆڤاری هەڵەبجە، ژمارەی تایبەت.

25.نەقشبەندی، ئازاد محمد ئەمین،2013، لێکۆڵینەوە کوردستانیەکان، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر.

26.هیلتەرمان، یۆست، 2007، ئەمریکا و عێراق و گازبارانی هەڵەبجە، وەرگێرانی لە ئینگلیزیەوە: محمد حمە صالح، چاپی یەکەم، کۆمپانیای ئاوێنە، سلێمانی.

27.ئاسان، مەلا مەحمود، 2005، شۆڕشی ئەیلول، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.

28.ئەحمەد، جەبار،2021، کاریگەری و لێکەوتەکانی چەکی کیمیاوی، چاپی یەکەم، ژوری توێژینەکانی بزوتنەوەی گۆران، سلێمانی.

29.ئەمین، نەوشیروان مستەفا، 1999، خولانەوە لەناو بازنەدا، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، سلێمانی.

30.تالیب، جزا تۆفیق، وتنەوەی وانەی جوگرافیای سەربازی،ماستەر، سمستەری دووەم، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، هۆڵی 1، ساڵی 2024.

31.تۆفیق، هەورامان علی، 2000، کارەساتی کیمیابارانی ساڵی 1988، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

32.حمە سعید، حمەی، 2014، گازبارانی هەڵەبجە و راستی رووداوەکە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، سلیمانی.

33.حیدەر، هەرتەلی، صالّح ئەکرم و کەریم عبدوڵڵا، 2006، کیمیاباران لە خۆشناوەتیدا هەوڵێك بۆ بەمێژووی کردن، چاپی یەکەم، چاپخانەی هیوا، ڕانیە.

34.حەسەن، نوری، 2005، مێژووی کوردستان لە سەردەمی شیخ محمود، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس, هەولێر.

35.صەفوی, سید یەححیای, 2011, بنەماکانی جوگرافیای سەربازی, وەرگێرانی لە فارسیەوە: هاوڕێ یاسین محمد امین، چاپی یەکەم، سلێمانی.

36.عابد، فیصەل، 2018، پەیوەندی نێوان حکومەتی عێراق و شۆڕشە کوردییەکان-1963-1970، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

**کوردییەکان:نامەی ماتسەر و تێزی دکتورا:**

1.علی، هاودین کامل، 2009، مۆرفۆلۆجی گوندەکانی ناوچە شاخاوییەکان و کاریگەری ژینگەی سروشتی لەسەریان- ناوچەی هەورامان وەك نمونە، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان.

2.محمد، أسامە أشرف، 2012، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ ئاوهەوای هەردوو شاری هەڵەبجە و پێنجوێن، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، زانکۆی کۆیە، کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتیەکان.

3.محمدئەمین، هاوڕێ یاسین، 2013، گۆڕانی ئاوهەواو کاریگەری لەسەر ژینگەی سلێمانی و دەوروبەری- لێکۆڵینەوەیەکی پراکتیکی لەجوگرافیای ژینگە، تێزی دکتورا(بڵاونەکراوە)، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی.

**دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان**

1.ابو العينين, حسن سيداحمد, 1981, أصول الجغرافية المناخية, الطبعةالاولى, دار الجامعية للطباعة والنشر, بيروت, لبنان.

2.السامرائي، وفيق، 2006، حطام البوابة الورقية وحقائق عن الزمن السيئ في العراق: قراءة جديدة في حربي الخليج الأولى والثانية، الطبعة الأولى، الدار العربية للعلوم، بيروت.

3.سعدي, عباس فاضل, 1976, منطقة الزاب في العراق, الطبعةالاولى, مطبعة اسعد, بغداد.

4.عيسى, خليل ابراهيم, حجم المشاركة الألمانية المشبوهة في صناعة الأسلحة الكيمياوية العراقية, مجلة الأنفال, تصدرها وزارة حقوق الأنسان, العدد(5)لسنة2004.

5.غالب، سعدى على ،1987، جغرافية النقل والتجارة، الطبعة الاولى, مديرية دارالكتب الطباعة وانشر، موصل.

عەرەبیەکان: نامەی ماستەر و تێزی دکتورا

1.الاسدى, كاظم عبدالوهاب حسين,1991, المنخفظات الجوية و اثرها في طقس العراق, رسالة ماجستير (غ,م), جامعةالبصرة, كلية الأداب.

2.الربيعى, رافع خضـر ابراهيم, 2008, تحليل جغرافي لتباين المناخى بين محطات القائم و سـامراء و خانقين, رسـالة ماجستير (غ,م), كلية التربية, جامعة تكريت.
3.علاءالدين، 2007، عطا محمد، قضـاء حلبجة دراسـة في الجغرافية الاقليمية، رسـالة ماجستير، منشـورة، كلية العلوم الانسانية، جامعة السليمانية، سليمانية.
4.معيوف, حسـين على عران, 2002, المرتكزات الجغرافية الرئيسـية لسـياسـة العراق الخارجية تجاه دول الجوار, اطروحة دكتوراه, غيرمنشور, كليةالتربية للعلوم الأنسانية, جامعة الموصل.

**سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان**

Aate, Anthony, (1989), The Rise and Decline of the Iraqi Navy, 1st ed, London Inclus Publications at.

Black,George.1993,Genocide in Iraq: The Anfal Campaign Against the Kurds, Human Rights Watch,New Yok,USA.

Clausewitz ،C. von. (1984). The Art of War. (M. Howard & P. Paret ،Eds. and Trans.). Princeton University Press. Princeton .

Collins J. M. (1998). Military Geography for Professionals and the Public. National Defense University Press. Washington.

Cordesman , Anthony H, 1994 "Iraq's Military Forces: 1988-1993," Center for Strategic and International Studies, September.

-Cordesman, Anthony H. & Wagner, Abraham R. (1990). The Lessons of Modern War: Volume II - The Iran-Iraq War. 1st Edition. Boulder, Colorado: Westview Press.

Directorate of Intellgence, Iran-Iraq: Buying Weapons for(PDF) War-CIA, 22September 1980-1983, Approved for Release23-5-2011 .

Gulf War coalition forces (latest available) by country "www.nationmaster.com". Archived from the original on 5 November 2013. Retrieved 2007-09-13.

Henderson, D. (2017). Chemical Warfare and Its Impact on the Environment. Cambridge University Press, Cambridge.

Hiro, Dilip (1991). The Longest War: The Iran-Iraq Military Conflict. Routledge. New York United States.

Hussein, A. (1988). The Anfal Campaign: Genocide Against the Kurds of Iraq. Iraqi Ministry of Information.Baghdad Iraq.

Jabar, Faleh A. (2002). "The Shi'ite Movement in Iraq and the Kurdish Question." Middle East Journal, Vol. 56, No. 3.

Karsh, Efraim (1987). The Iran-Iraq War: A Military Analysis. Adelphi Papers No. 220. International Institute for Strategic Studies, London.

Kurds, Michael .Em, (1990), Iraqi Army Power and Political Relations, 1st Edition, New York Saint Martins Press.

Kurds, Michael Em, (1993), The Iraqi Air Force Political and Tactical Communications, 1st Edition, London Routledge.

Martinson, Martin J. (1 April 1984), The Iran–Iraq War: Struggle Without End, Marine Corps Command and Staff College .

Matloff ,Judith, 2017, No Friends but the Mountains: Dispatches from the World's Violent Highlands. 1st ed, New York: Basic Books.

Murray, Williamson & Woods, Kevin M. (2014). The Iran-Iraq War: A Military and Strategic History. Cambridge University Press. Cambridge, UK.

Pollack, Kenneth M. (2002). Arabs at War: Military Effectiveness, 1948–1991. 1st Edition. Lincoln, Nebraska: University of Nebraska Press.

Robinson, J. P. (2012). The Evolution of Chemical Weapons Control. Palgrave Macmillan, London, p. 78-96.

Stockholm International Peace Research Institute (SIPRI), 2018, Weapons of Mass Destruction, Global Policies and Threats, SIPRI Press, Stockholm.

Stockholm International Peace Research Institute (SIPRI). (1988). SIPRI Yearbook 1988: World Armaments and Disarmament. 1st Edition. Oxford, UK: Oxford University Press

Sun Tzu. (2018). The Art of War. Classic Books America. America.

Yildiz, Kerim, 2004, The Kurds in Iraq: The Past, Present and Future, 1st ed. London, Pluto Press.

**چوارەم: سەرچاوە فارسییەکان**

1.دروديان، محمد، 1376، شلمچه تا حلبجه، چاپ اول، مرکز مطالعات و تحقيقات جنگ، تهران.

**پێنجەم: دام و دەزگای حکومەت**

1.حکومەتی هەریمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاری (GIS، 2024).

2.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کەشناسی و بوومەلەرزەزانیی هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی بوومەلەرزەزانی سلێمانی، هۆبەی ئامار، داتای بڵاونەکراوە، 2025.

3.حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی شەهیدانی هەڵەبجە

4.حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی مۆنۆمێنتی هەڵەبجە

**شەشەم: چاوپێکەوتنەکان**

1.چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز کامل عبدالقادر، بەرکەوتوی چەکی کیمیاویی، لەئێستادا نیشتەجێی وڵاتی ئەڵمانیایە، ڕێکەوتی 2025/3/23.

2.چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەڕێز حامد حاجی غالی، پێشمەرگەی دێرینی یەکێتی نیشتمانی کوردستان(بەشدا بوو لەکاتی ئازادکردنی شاری هەڵەبجەله1988/3/13)، ڕێکەوتی 2024/12/8, سلێمانی.

3.چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەڕێز دکتۆر فایەق محمد گوڵپی، سیاسی و دکتۆری هێزی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ساڵی 1988، ڕوێکەوتی2024/12/22، سلێمانی.

4.چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەڕێز لوقمان عبدلقادر محمد، سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە، ئۆفیسی کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجە، 2024/12/9.

5.چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەڕێز مامۆستا کاوان حمەسعید کریم، مامۆستا و کەسایەتی سیاسی و ڕۆشنبیری هەڵەبجە دانیشتوی شاری هەڵەبجە، 2024/12/20.

وێنەی ژمارە(1): (بەرزبونەوەی دوکەڵی بۆمبەکیمیاوییەکان بە شێوەی ستونی لە گەڕەکی بەنزینخانە)



وێنەی ژمارە(2) : (بۆمبارانکردنی ڕێگای عەنەب )



وێنەی ژمارە(3): (بۆمبارانکردنی ناوچە بەرزایەکانی  پشت گوندی عەنەب)



سەرچاوە: (مۆنۆمینی هەڵەبجە بەشی ئەرشیف، 2025).

وێنەی ژمارە(4): شەهیدەکان لە دەرەوەی شار گوندی (عەنەب)




سەرچاوە: (مۆنۆمینی هەڵەبجە بەشی ئەرشیف، 2025).

وێنەی ژمارە(5): شەهیدەکان لە دەرەوەی شار گوندی (بیاوێلە )



سەرچاوە: (مۆنۆمینی هەڵەبجە بەشی ئەرشیف، 2025).

وێنەی(6): بەشێك لەو ئامێرو کەرەستە سەربازیانەی لە هێرش بۆ سەر هەڵەبجە(مۆنۆمێنی هەڵەبجە، بەشی مۆنۆمێنتی جەنگ)





فۆتۆ(توێژەران، 2025).

وێنەی ژمارە(7): گۆڕی بە کۆمەڵی شەهیدانی هەڵەبجە لە گوندی بیاوێلە





وێنەی ژمارە(8): گۆڕی بە کۆمەڵی شەهیدانی هەڵەبجە لە مەزارگەی شەهیدان

سەرچاوە: (مۆنۆمینی هەڵەبجە بەشی ئەرشیف، 2025).

**دور العوامل الجغرافية في إبادة سكان قضاء حلبجة (دراسة في الجغرافيا السياسية)**

يُعتبر استخدام الأسلحة الكيميائية من أخطر الجرائم التي ارتكبها نظام البعث بحق سكان حلبجة. لقد خلفت هذه الكارثة آثاراً اقتصادية واجتماعية وتاريخية وحضارية عميقة وطويلة الأمد على البيئة الجغرافية وسكانها. تكمن أهمية البحث في تحديد دور العوامل الطبيعية والبشرية في المنطقة، وأثر الجغرافيا والعمليات العسكرية في حلبجة ودورها في حجم الخسائر في الأرواح والممتلكات والبيئة.

يهدف البحث إلى الكشف عن العوامل الكامنة وراء إبادة سكان حلبجة. ونظرًا لطبيعة البحث، اعتمد منهج البحث على المنهج التاريخي والوصفي والتحليلي. تم استخدام نظام المعلومات الجغرافية (GIS) لإنشاء الخرائط. تم الاعتماد في

جمع البيانات والمعلومات على الجهات الآتية: دائرة الأرصـاد الجوية في السـليمانية، دائرة الأرصـاد الجوية في حلبجة، نصب حلبجة التذكاري، وكالة ضحايا الشهداء والمؤنفلين، دائرة الإحصاء في السليمانية، ومستشفى حلبجة العام.

بالإضـــافة إلى ذلك، تم إجراء مقابلات ميدانية مع عدد من الأطراف المعنية، وقد أظهرت نتائج تلك اللقاءات أن الهجوم الكيميائي على مدينة حلبجة من قِبل النظام العراقي السـابق لم يكن مجرد عملية عسـكرية عابرة، بل كان يهدف بشـكل منهجي إلى الإبادة الجماعية لمكونٍ قومي محدد. وتُعد حلبجة منطقة ذات غالبية كردية، وقد سـعى نظام البعث، بقيادة صدام حسين، من خلال ممارساته العنيفة، إلى محو الهوية القومية الكردية وتقويض نضالها ووجودها السياسي.

كما أن قصف حلبجة بالأسلحة الكيميائية قد تمّ وفق خطة عسكرية مسبقة من قِبل النظام السابق، إذ كان معلومًا أن سكان المدينة غالبًا ما يلتجئون إلى الأماكن المكتظة في وسط المدينة وإلى الأقبية والملاجئ تحت الأرض عند وقوع الهجمات، ولذلك تم استخدام أنواع من الغازات السامة التي تمتلك القدرة على التسرب إلى المناطق المنخفضة والبيئات المغلقة.

وقد اسـتفاد الهجوم كذلك من العوامل الجوية خارج المدينة، لا سـيّما من اتجاه الرياح وسـرعتها، حيث اسـتُخدمت على وجه التحديد تلك الغازات التي تكون أثقل من الهواء، ولديها القدرة على الانتشار والانسياب نحو المناطق المنخفضة.أما الهيكل العام للدراســـة، فقد تم تقســـيمه إلى ثلاثة محاور رئيســـة:المحور الأول يتناول العوامل الجغرافية الطبيعية المؤثرة،والمحور الثاني يركّز على العوامل الجغرافية البشـرية،أما المحور الثالث فيعالج العوامل الجغرافية السـياسـية والعسكرية في منطقة الدراسة.

**الكلمات المفتاحية:** العوامل الجغرافية، الإبادة الجماعية، السكان، مدينة حلبجة، الجغرافيا السياسية.

# The Role of Geographical Factors in the Extermination of the Population of the Halabja District: A Study in Political Geography

## Abstract

The use of chemical weapons is considered one of the gravest crimes committed by the Ba'ath Party regime against the residents of Halabja. This catastrophe left a profound and long-lasting economic, social, historical, and civilizational impact on both the geographical environment and its inhabitants. The significance of this research lies in determining the role of natural and human factors in the region, as well as examining the influence of geography and military operations in Halabja on the extent of losses in human lives, property, and the environment. The study aims to uncover the underlying factors responsible for the extermination of Halabja's population. Given the nature of the inquiry, a historical, descriptive, and analytical approach was adopted. Geographic Information System (GIS) was employed to develop the maps used in the research. Data and information were sourced from the following agencies: the meteorological departments of Sulaymaniyah and Halabja, the Halabja Memorial Monument, the Agency of Martyrs and Anfal Affairs, the Department

sjh@univsul.edu.iq

of Statistics in Sulaymaniyah, and the General Hospital of Halabja. In addition, field interviews were conducted with several relevant stakeholders. The findings revealed that the chemical attack on the city of Halabja by the former Iraqi regime was not merely a transient military operation; rather, it was a systematic attempt at the genocide of a specific ethnic group. Being a predominantly Kurdish area, Halabja was targeted by the Ba'ath Party regime, under the leadership of Saddam Hussein, through its violent practices aimed at erasing the Kurdish national identity and undermining its political struggle and existence. Furthermore, the chemical assault on Halabja was executed according to a premeditated military plan by the former regime because they knew where the crowded areas of the city, such as basements and underground shelters, are located during the attacks. Consequently, toxic gases capable of infiltrating low-lying areas and enclosed environments were deliberately employed. The attack also capitalized on the meteorological conditions outside the city, particularly the wind direction and speed, by specifically utilizing gases heavier than air that can disperse and flow toward lower areas. The overall structure of the study is divided into three main axes: the first axis addresses the influential natural geographical factors; the second focuses on human geographical factors; and the third examines the political and military geographical factors in the study area.

**Keywords:** Geographical Factors, Genocide, Population, Halabja, Political Geography.